# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

**حەمەسەعید حەسەن**

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالْح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**

http;//gov.krd/ka

ISSN: 2520-4106

**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# پرسی موسڵ لە ڕۆژنامەگەری شاری سلێمانیدا

## ٢ ئاب ١٩٢٢-١٤ کانوونی دووەم ١٩٢٦

**پ . ی. د. شاخەوان عبدالله صابر**

بەشی مێژوو / فاکەڵتی ئاداب

زانکۆی سۆران

Shakhawan.sabr@soran.edu.iq

**پوختە:**

یەکێك لەمەسەلە چارەنووس سازەکانی سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو پرسی ولایەتی موسڵ بوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەست بوو بە چارەنووسی کوردانی باشور لە هەلومەرجی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و بەریەکەوتنی بەرژەوەندی زلهێزەکان بەبێ لە بەرچاوگرتنی خواستی هاوڵاتیانی کورد لەم بەشەی کوردستان بەعێراقەوە لکێنرا. لەم سەروبەندەشدا شاری سلێمانی بەهۆی بەرپابوونی جوڵانەوەکانی شێخ مەحمود وبەریەکەوتنەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانی لەماوەی١٩١٩-١٩٢٥ ببووە گۆڕەپانی سیاسی لەباشوری کوردستان، هاوتەریب وەك بەرجەستە بوونی دۆخی ڕۆشەنبیری لەشارەکە هەندێك ڕۆژنامەش هاتوونەتە وەشاندن کە بەشێکیان وەك زمانحاڵی فەرمانڕەوایەتیەکەی شێخ محمود خۆیان ناساندووە، لەهەمان کاتیشدا هەندێکیان وەك ڕۆژنامەیێکی فەرمی دەرکەوتوون، لەقۆناغی توێژینەوەکە، زیاتر گوزارشتیان لەسیاسیەت و بۆچوونی هەریەك لەدەسەڵاتدارانی بەریتانیا و لەگەڵیشیدا حکومەتی تازە دامەزراوی عێراقیش کردووە.

کلیلەوشەکان. کۆنگرەی لۆزان، ژیانەوە، شێخ مەحمود، تورکیا، ولایەتی موسڵ.

**پێشەکی**

لـەدوای کۆتایـی هاتنـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی پرسـی کـوردی لـە باشـوری کوردسـتان بـوو بـە پرسـێکی گرێـدراو لـەو ململانێـی وناکۆکیانـەی لەنێـوان بەریتانییـەکان کـە بـە پێـی بڕیارەکانـی کۆنگـرەی سـان ڕیمـۆ لـە نیسـانی١٩٢٠ سەرپەرشـتیاری عێـراق بـوون، لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی نوێـی تورکـی بەرێبەرایەتـی مستەفا کەمـال لەسـەر یەکلاکردنـەوەی چارەنووسـی ولایەتـی موسـڵ کـە زۆرینـەی دانیشـتوانەکەی کـورد بـوون، هـەردوو وڵات بەهەمـوو توانـا دیبلۆماسـی وپەیوەندییەکانیانـەوە لـە هەوڵـی لکاندنـی ولایەتەکـە بـوون بەخۆیانـەوە، لەبـەر ئەنجامیـش پرسـەکە خرایـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان وەك ڕێکخراوێکـی نێودەوڵەتـی بەنـاو بێلایـەن لـەدوای کۆتایـی هاتنـی جەنـگ بەمەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی ئاشـتی جیهانـی، چارەسـەرکردنی ئاریشـەکان، و دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان دروسـت کرابـوو، لەوکاتـەوەش ڕۆژنامەکانـی دەرچـوو لەشـاری سـلێمانی لـە ڕێـگای گواسـتنەوەی هـەواڵ لـە ڕۆژنامـە و ئاژانسـەکان و نووسـین لەسـەر پرسـی موسـڵ هەوڵیانـداوە خوێنەرانیـان دانەبڕێنـن لـە پەرەسـەندنەکانی تایبـەت بـە پرسـەکە هـەر لـە گرێدانـی کۆنگـرەی لـۆزان تـا یەکلابوونـەوەی لەکانوونـی یەکـەم ١٩٢٥.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانـج لـەم توێژینەوەیـە ئاشـنا بوونـە بـە بابەتێکـی گرنگـی وەك پرسـی موسـڵ لـە گۆشـەنیگای دوو بۆچوونـی جیـاواز، لەدیـدی یەکێـك لەسـەرچاوە گرنـگ و ڕەسـەنەکانی مێـژوو کـە ئەویـش ڕۆژنامـە دەرچووەکانـی شـاری سـلێمانیین لـە مـاوەی ئامـاژە بۆکـراو.

**میتـۆدی بـەکار هاتـوو:** سروشـتی توێژینەوەکـە وای پێویسـتکردووە پەیـڕەوی لـە میتـۆدی وەسـفی شـیکاری بکرێـت.

**پرسیارەکانی توێژینەوە**

. لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە وەڵامی چەند پرسیارێك بدرێتەوە.

-١گرنگترین سەرچاوەی زانیاری ڕۆژنامەکان لە سەر پرسی موسڵ چی بوون، ئایا ڕۆژنامەکان پیشەیانە وبێلایەنانە مامەڵەیان لەگەڵ هەواڵ وبابەتەکانی پەیوەندیدار بە پرسەکە کردووە ؟.

٢-ئایـا ئـەم ڕۆژنامانـە توانیویانـە ڕایێکـی کـوردی یەکگرتـوو دروسـت بکـەن بـە ئاڕاسـتەی داکۆکـی کـردن لەدروسـت بوونـی دەوڵەتێکـی کـوردی لـە سـەروبەندی هەبوونـی ئاڕاسـتە ودیـد وبۆچوونـە سیاسـییە جیـاوازەکان لەشـاری سـلێمانی؟.

**پێکهاتەی توێژینەوە**

ئـەم توێژینەوەیـە لـە پێشـەکی و دەروازەیـەك و دوو تـەوەری سـەرەکی و ئەنجـام پێکهاتـووە، لـەدەروازە تیشـك خراوەتـە سـەر بزاڤـی ڕۆژنامەگـەری کـوردی لـە شـاری سـلێمانی لـە نێـوان سـاڵانی١٩٢٠-١٩٢٦، تـەوەری یەکـەم بەناونیشـانی (ڕۆژنامەگـەری سـلێمانی و پرسـی موسـڵ ٢ی ئـابی ١٩٢٢ – ١٥ی مایـسی **١٩٢٤**) تێـدا تیشـك خراونەتـە سـەر سـەرهەڵدان و پەرەسـەندنی پرسـی موسـڵ و سـەرچاوەکانی زانیـاری ڕۆژنامەکانـی ڕۆژگاری شـێخ مەحمـود، هەروەهـا ڕەنگدانـەوەی پرسـی موسـڵ لـە ڕۆژنامەکانـی بانـگ کردسـتان، رۆژ کوردسـتان وامیـد اسـتقلال خراونەتـە بـەر بـاس، هەرچـی تـەوەری دووەمـە لەژێـر نـاوی (ڕەنگدانـەوەی پرسـی موسـڵ لــە ڕۆژنامــەی ژیانــەوە ١٨ ی ئــابی ١٩٢٤- ١٤ ی کانوونــی دووەمــی ١٩٢٦) هاتــووە تێــدا پرســی موســڵ لەڕۆژنامــەی ژیانــەوە شــەن وکــەو کــراوە وجەخــت لــە هەنگاوەکانــی ڕۆژنامەکــە بــە ئاڕاســتەی بــرەو دان بــە سیاســەتەکانی بەریتانیــا لــە پرســەکە کــراوە.

**پێداچوونەوە بەتوێژنەوەکانی پێشوو**

لەکاتــی نووســینەوەی ئــەم توێژینەوەیــە تێبینــی ئەوەمــان کــرد، ئــەم کارەی ئێمــە لــە هەندێــك لایەنــی تــرەوە لەســەری نــوسراوە، بــۆ نموونــە نــەوزاد عەلــی ئەحمــەد لەچوارچێــوەی پەرتوکێکــی (٩٤) لاپەڕەییــدا بەنــاوی (کێشــەی ویلایەتــی موســڵ لــە دوو ڕۆژنامــەی ســلێمانیدا) لەســێ بەشــدا تیشــکی خســتۆتە ســەر پرســی موســڵ لــە هــەردوو ڕۆژنامــەی ئومێــدی ئیســتقلال ژیانــەوە، لەبەشــی یەکــەم ناســاندێکی بــۆ پرســی موســڵ کــردووە. لــە بەشــی دووەم لــە پــاڵ پێناســەی هــەر دوو ڕۆژنامــە، ئــەم سەرچاوانەشــی خســتۆتە ڕوو دەربــارەی پرســی موســڵ لــە هــەردوو ڕۆژنامــە نــووسراون، دواتــر زۆر بەکورتــی تیشــکی خســتۆتە ســەر جــۆری ئــەم بابەتانــەی تایبــەت بەپرســەکە نــووسراوان لەوانــە (هــەواڵ، وتــار، ڕاپۆرتــە هــەواڵ

و ڕیپۆرتاژ) لەگەڵ خستنەڕووی سەرنجێکی خێرا دەربارەی هەواڵ وتار، زمانی هەردوو بابەت و سەرچاوەکانی هەواڵی هەردوو ڕۆژنامە خراوەتە ڕوو. هەرچی بەشی سێیەم وکۆتاییشە کە نیوە زیاتری پانتایی پەرتووەکەی لاپەڕە (٤٠-٨٩) گرتووە، نووسەر لێرەدا دەقی ئەم ڕاپۆرتەی کە لەلایەن لیژنەی تایبەتی دیاریکردنی سنوری نێوان عێراق وتورکیای خستۆتە ڕوو کەپێشەکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکان کراوە، لەژمارەکانی(٤٣) تا (٥٣) ژیانەوە بڵاوکراوەتەوە، ئەمە و سەرباری گواستنەوەی سەرجەم هەواڵ و تار ونوسینەکانی ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال، لەگەڵ خستنەڕووی زۆربەی بابەتەکانی پەیوەندار بەپرسی موسڵ لە ڕۆژنامەی ژیانەوە، جیا لەوەش نووسەر دەقەکانی خستۆتە سەر ڕێنووسی بەکارهاتووی ئەمڕۆ لە باشوری کوردستان.

پێویستە بگوترێ نووسەر لە بەشی زۆری پەرتووەکە تەنیا بەوە وەستاوە دەقی ئەو هەواڵ، وتار، ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژانە بخاتەڕوو تایبەت بە پرسی موسڵ نووسراون، بە بێ ئەوەی هیچ ڕاڤە و شیکارێك بۆ ناوەڕۆکیان بکات، لایەن و ڕەهەندە مێژوویەکانی بخاتە بەر باس بەراوردیان بکات بەزانیاری نێو دوو توێی سەرچاوەی مێژوییەکان، ئەمەش لەوانە ئاسایی بێت چونکە نووسەر بواری پسپۆڕی ووردی ئەدەبی کوردییە.

لەلایکی تر توێژەر بەختیار سەعید مەحمود توێژینەوەیکی بەناوی (ڕەنگدانەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە ڕۆژنامەی ژیانەوەدا ١٩٢٤-١٩٢٦- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە) لەژمارە ٥ ی ساڵی ٢٠٢١ گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سەلاحەدین بڵاو کردۆتەوە، دوای ناساندنی ڕۆژنامەی ژیانەوە و کێشەی ولایەتی موسڵ، قورسایی توێژینەوەکە زیاتر لەسەر قۆناغی کۆتایی پرسەکەیە ئەویش بریتییە لە خستنەڕووی کار وچالاکی ئەو لێژنە بێلایەنەی لە ٣٠ ئەیلولی ١٩٢٤ بەبڕیاری کۆمەڵەی گەلان بۆ یەکلا کردنەوەی پرسەکە پێکهێنرابوو، خراوەتە ڕوو. لە توێژینەوەی ئێمە کارمان لەسەر پڕکردنەوەی هەندێك(بۆشایی- Gap) کردووە کە توێژنەوەی ناوبراو لە هەندێك باردا بەلایاندا نەچووە، یاخود هەندێك پرس

ئەگەر باسیش کرابن بە درێژی لەسەریان نەوەستاوە و هەموو لایەنەکانی شی نەکردۆتەوە هەروەها ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەش جیاوازە لە توێژینەوەی ناوبراو.

١- جیا لە ڕۆژنامەی ژیانەوە ئێمە کارمان لەسەر ڕۆژنامەکانی تریش کردووە کە هاوسەردەمی سەر هەڵدانی کێشەکەو لەوانەش گفتوگۆییەکانی کۆنگرەی لۆزان بوون لەوانەش ڕۆژنامەکانی (بانك کوردستان، ڕۆژ کوردستان و ئومێدی ئیستقلال) لە بەر ئەوەی سنوری توێژینەوەکەی ناوبراو تەنیا خستە ڕووی پرسی موسڵ بووە. لە ڕۆژنامەی ژیانەوە بۆیە ئاسایی بووە ئەگەر لەسەر هەموو قۆناغەکانی پەرسەندنی پرسی موسڵ (جگە لە قۆناغی کۆتایی ) نەوەستابێ ئەوەش جیاوازێکی جەوهەری نێوان هەردوو توێژینەوەیە

٢- بابەتی وەستانەوە دژی خواستەکانی تورکیا لەداواکردنەوەی ویەتی موسڵ، یەکێکی ترە لە جیاوازییەکانی هەردوو تویژینەوە، بەوورد بوونەوەمان بۆ دەقی ووتار و هەواڵەکان تێبییمان کردووە ژیانەوە کاری لە سەر چەند لایەنێك کردووە لەوانە:

أ-کارکردنی بەردەوامی ژیانەوە لەسەر نیشاندانی لایەنە خراپەکانی حوکمڕانی تورك (توێژینەوی ناوبراو هەندێك ئاماژەی بۆ کردووە).

ب-بڵاوکردنەوەی هەواڵی بێ بەری بوونی هۆزە کوردییەکانی باشورلە تورك.

ت- قوڵکردنەوەی جیاوازیەکانی شوناسی نەتەوایەتی نێوان کورد وتورك.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان**

لەنووسینی ئەم توێژینەوەیە سوود لە کۆمەڵێك سەرچاوە وەرگیراوە لەپێشەوەی هەموویان (ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحمود) لە ئامادەکردن و لە سەر نووسینی ڕەفیق وسدیق ساڵح، لەگەڵ (ژیانەوە و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسیی کوردیدا ١٩٢٤-١٩٢٦) کۆکردنەوەی عەبدوڵڵا زەنگەنە، بایەخ وگرنگی هەردوو سەرچاوەیە لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە هەموو ڕۆژنامەکانی ڕۆژگاری دەسەڵاتی شێخ مەحمودی لە خۆگرتووە لەوانە بانگ کردستان، روژ کوردستان، بانگی حەق، امید استقلال،

لەگـەڵ ڕۆژنامـەی ژیانـەوە جیـا لـەوەش ناسـاندێکی گشـتی بـۆ ڕۆژنامـەکان کـراوە و ژیاننامـەی ئـەو نووسـەرانەش خراونەتـە ڕوو کـە بابەتیـان لـە ڕۆژنامەکـە بڵاوکردۆتـەوە، ئەمـە وسـەرباری خسـتنە ڕووی پێڕسـتی بابەتـەکان، ئەمـەش کار ئاسـانی بـۆ توێـژەران کـردووە، بۆیـەش لـە نووسـینی ئـەم توێژینەوەیـە وەك کەرەسـتەی سـەرەکی سـوودیان لێوەرگیـراوە، شـان بـە شـانی ئـەم ڕۆژنامانـە بـۆ ڕوونکردنـەوەی کۆمەڵێـك بابـەت وسـاغکردنەوەی زانیـاری نێـو دوو توێـی ڕۆژنامـەکان پشـت بـە کۆمەڵێـك سـەرچاوەی تـر بـە سـتراوە کـە لـە لیسـتی سـەرچاوەکان هێمایـان بـۆ کـراوە.

**دەروازە: بزافی ڕۆژنامەگەری لە شاری سلێمانی ١٩٢٠-١٩٢٦**

دوای گرتنـی بەغـدا لـە١١ ئـاداری ١٩١٧ ئینگلیـزەکان گرنگییـان بەبڵاوکردنــەوەی پڕوپاگەنــدەی سیاســی داوە، لەهەوڵــی ئەوەشــدا بــوون بــرەو بەسیاســەتی خۆیــان بــدەن لــەو ناوچانـەی دەسـتیان بەسـەردا دادەگـرت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەسـەرەتای سـاڵی١٩١٨ دەسـتیان کـرد بـە دەرکردنـی سـێ ڕۆژنامـە یەکێـك لـەوان تێگەیشـتنی ڕاسـتی بـووە (ئەحمـەد، ١٩٧٨، ١٠١ – ١٠٢ ) کەیەکـەم ڕۆژنامـەی کـوردی عێـراق بـووە (سـاڵح و سـاڵح،٢٠٠٧،٥).

لـەدوای کۆتایـی هاتنـی مـاوەی یەکەمـی حوکمڕانـی شـێخ مەحمـود لەحوزیرانـی١٩١٩، مێجـەر سـۆنی حاکمـی سیاسـیی سـلێمانی، لەهەنگاوێکـدا بۆسـنووردارکردنی نارەزایـی و تورەیـی دانیشـــتوانەکەی،جێگرکردنی دەســـەڵاتیان(عومەر،٢٠٠١، ٨١) وگردکردنـەوەی دەسـتەبژێرانی شـارەکە، کۆمەڵێـك هەنـگاوی نـاوە یەکێـك لەوانـە لـە٢٩ نیسـانی١٩٢٠ یەکـەم ژمـارەی ڕۆژنامـەی پێشـکەوتن دەردەکات، دوا ژمارەشـی (١١٨) لـە ٢٧ تەمـووزی ١٩٢٢ دەرچووە(عەتـار و سـامی، ١٩٩٨ ٦) بەمـەش پێشـکەوتن دەبێتـە یەکـەم ڕۆژنامـەی کـوردی لـە مێـژووی شـاری سـلێمانی (عومـەر، ٢٠٠١، ٨٠) و درێـژە پێـدەری ڕۆژنامـەی تێگەیشـتنی ڕاسـتی (خەزنـەدار، ٢٠١٦، ٢٢٦ – ٢٢٧). بـەر لـە گەڕانـەوەی شـێخ مەحمـود لـە هیندسـتان، لـە ٣٠ ئەیلولـی ١٩٢٢، ولـە ماوەکانـی دوای گەڕانەوەشـی، لەگـەڵ ئـەوەی دۆخـی شـارەکە لـە ڕووی سیاسـییەوە جێگیـر نەبـووە، بـەڵام ئـەوە ڕێگـر نەبـووە لـەوەی سـلێمانی وەك بنکەیێکـی کاری ڕۆژنامـە نووسـی کـوردی دەرکـەوێ، دەرکردنـی ژمارەێـك ڕۆژنامـە بـەدوای یەکـدی لـەم دۆخـەی شـارەکە گـوزەری پێـدا کـردووە گەواهیـدەری ئـەم بۆچوونەیـە، بـۆ نموونـە دوای دامەزراندنـی کۆمەڵـەی کوردسـتان لـە ٢١ تەمـووز ١٩٩٢، بـە سـەرۆکایەتی مسـتەفا پاشـای یامۆڵکـی، کۆمەڵەکـە بیـری لـە ئۆرگانێکـی تایبـەت بەخـۆی کـردەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـە ٢ ئابـی هەمـان سـاڵ ژمـارەی یەکەمـی ڕۆژنامـەی (بانـگ کوردسـتان) (١)ی بـە هەرسـێ زمانـی کـوردی وتورکـی فارسـی دەرکـردووە، لەسـەرەتا وەك ئۆرگانـی فەرمـی کۆمەڵەکـە بـووە، دوای گەڕانــەوەی لەهیندســتان بەنــاوی حوکمدارێتــی شــێخ مەحمـود دواوە(عومــەر،٢٠٠١، ٨٦).

جێـگای باسـە لـە دوای دەرچوونـی ژمـارە (١٣)لـە ٣ تشرینـی دووەمـی١٩٢٢ ڕۆژنامـەی بانـگ کوردسـتان وەسـتاوە، بۆیـەش دوا ژمـارەی خولـی یەکەمـی ژمـارە (١٤) لـە ٨ حوزیرانـی١٩٢٣ هاتۆتـە وەشـاندن (خەزنـەدار، ١٩٧٤، ١١٥)(٢).

لــەدوای وەســتانی ڕۆژنامــەی بانــگ کوردســتان ژمــارە یەکــی ڕۆژنامــەی (ڕۆژ کوردســتان) لــە ١٥ تشرینــی دووەمــی١٩٢٢ بڵاوکراوەتــەوە، زەمانحاڵــی فەرمــی مــاوەی دووەمــی حوکمدارییەتکــەی شــێخ مەحمــود بــووە، هــەر بۆیــە ســەرچاوەێك وەك ڕۆژنامەێکــی حکومــی ناسـاندویەتی(میسری،٢٠٠٤، ٤٢) دوا ژمارەشـی کـە ژمـارە(١٥) ی بەسـەرەوەیە لـە٣ ئـاداری ١٩٢٣ دەرچـووە (سـاڵح و سـاڵح ڕۆژنامەکانـی سـەردەمی حوکمـی شـێخ مەحمـوود،٢٠٠٣، ٦). دوای بۆردومانکردنـی شـاری سـلێمانی لەلایـەن ئینگلیزەکانـەوە، لــە ٤ ئــاداری١٩٢٣ شــێخ مەحمــود ڕوویکــردە ئەشــکەوتی جاسـەنە لەناوچـەی سـورداش (شـوانی،٢٠٠٢، ١٦٧ ) بۆیەکـەم جـار لەمێـژووی کـورد چاپخانــە لــە شــاخ دادەمەزرێــت، نۆبــەرەی ئەزموونــی ڕۆژنامــەی شــاخ کــە (بانــك حــق) بــووە ژمــارەی یەکەمــی ٢٨ ئــازاری ١٣٣٩- ١٩٢٣ چــاپ دەکرێـت، تەنیـا دوو ژمـارەی لێدەرچـووە (میـسری،٢٠٠٤ ٤٩ -٥٠) ســەرچاوەێك ڕۆژنامەکــەی لەڕیزی"ڕۆژنامــەی تەمــەن کورت"هەژمــار کــردووە (فەرهــادی، ١٩٨٨، ٧٩- ٨٠ ).

امیـد اسـتقلال دوا ڕۆژنامـە بـووە وەك ئۆرگانـی دەسـەڵاتەکەی شــێخ مەحمــود و ئەزمونێکــی تــری ڕۆژنامــەی دەوڵــەت لەسـلێمانی هاتۆتـە وەشـان، ژمـارەی یەکەمـی لـە٢٠ ئەیلولـی ١٩٢٣، کۆتــا ژمــارەش ژمــارە (٢٥) لــە ١٥ مایســی ١٩٢٤

دەرچووە(ساڵح و ساڵح،٢٠٠٣، ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود،٧).

لەدوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی شێخ مەحمود دوور خستنەوەی بۆ ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی وگەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی حکومەتی عێراق و لەگەڵیشیدا بەریتانی بۆ شاری سلێمانی، بزاڤی ڕۆژنامەگەری سلێمانی پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ، ڕۆژنامەی ژیانەوە سەرقافڵەی ئەم قۆناغەیە، ڕۆژنامەکە خۆی وەك درێژە پێدەری ڕەوتی کاری ڕۆژنامە نوسی سلێمانی و ڕۆژنامەکانی پێش خۆی دیوە، وەك دەنووسێ لە " لبر بعض خصوصات ناوی غزتەکمان تبدیل کرد" هۆکاری ناونانیشی بە ژیانەوە بۆ ئەوە گێڕاوتەوە لەماوەکانی ڕابردوو بەهۆی تێگەیشتن و نەزانین وکار کردن بۆ بەرژوەندی کەسی و " نفسی نفسی" گەلی کورد دووچاری نەهامەتی زۆر بووە، بۆیە بە ئومێدی ژیانەوە و بوژانەی داری هیوای کورد ئەم ناوەی بە باڵا براوە (ژیانەوە، ژ(١) ١٨ ئاب ١٩٢٤، وەرگیراوە لە زەنگەنە،٢٠٠٠)، ژمارەی یەکی لە ١٨ ئابی ١٩٢٤ دەرچووە، کۆتا ژمارەی ژمارە (٥٦ )لە ١٤ کانوونی دووەمی١٩٢٦ دەرچووە (جەباری، ٢٠٠٤، ٨٦) جیاواز لە ڕۆژنامەکانی تری دەرچووی سلێمانی بە فەرمی تا ژمارە (١٧)ش لە ڕوپەڕی یەکەمی بە مانشتێکی گەورە نووسراوە "ام غزتەیە غزتەیکی حکومتیە " بە وورد بوونەوە لە ناوەڕۆکی بەشێکی بابەتەکانی، ڕۆژنامەکە زیاتر وەك ڕۆژنامەیێکی دەوڵەت دەرکەوتووە، هەر بۆیەش وەك بەرگریکارێکی سەر سەختی سیاسەتی حکومەتی عێراق و هەنگاوەکانی بەریتانییەکان لەپرسی لکاندنی ولایەتی موسڵ بە عێراقەوە دەرکەوتووە، یەکەم ڕۆژنامەی کوردیشە بەئاشکرا دژی شێخ مەحمود وەستاوەتەوە، لەکاتێکدا ناوبراو هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر شاری سلێمانییەوە نەماوە، ئاوارەی ناوچەکانی دەوروبەری بووە، هاوتەریب کەمتەر خەمیشان نەکردووە لە دەرخستنی ناوبراو وەك یاخی وچەتە و ڕێگرێك (٣) لەوانەشە هەر لەبەر ئەمە بێت سەرچاوەیێك وای بۆچووبێ کە ژیانەوە "بۆ سوودو تەڵەکابازی ئینگلیزەکان... دەرچوو... وە لەلایەن چەند کەسێکی بەکرێ گیراوەوە سەرپەرشتی ئەکراو وتاریان تیادا ئەنووسی"(جەباری ٢٠٠٤، ٨٦) ئەگەر چی وەك ئاماژەمان بۆ کرد دەرچوونی ژیانەوە ئامانجێکی سیاسیی لە دواوە بووە، بەڵام ناکرێت ڕۆڵی ڕۆژنامەکە نادیدە بگیرێت لە خزمەتکردن بە بوارەکانی مێژوو،ئەدەب،زمان، خوێندن و خوێندەواری لە کۆمەڵگای کوردی ئەم ڕۆژگارە(محمود،٢٠٢١، ١٧٥).

## تەوەری یەکەم: ڕۆژنامەگەری سلێمانی و پرسی موسڵ ٢ی ئابی ١٩٢٢ - ١٥ ی مایسی ١٩٢٤

### یەکەم:سەرهەڵدانی پرسی موسڵ

لەدوای شکستە یەك لەدوای یەکەکانی دەوڵەت عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی، لە ١٣ تشرینی یەکەمی ١٩١٨ حکومەتی ئیتحادییەکان دەستی لەکارکێشایەوە، گرنگترین ڕێبەرانیشی ئەنوەر، جەمال وتەڵعەت ڕایانکردە دەرەوەی وڵات، بۆ ڕۆژی دواتریش حکومەتێك بەسەرۆکایەتی ئەحمەد عیزەت پاشا پێکهات (احمد و مراد،١٩٩٢،٢٢٩ ) هێزەکانی بەریتانیا تا کۆتایی هەمان مانگ لە باشوری ناوچەی شەرگات لەدوری ١٢ میل لە شاری موسڵ جێگیر بوون، لە٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩١٨ ئاگر بەستی مۆدرۆس واژۆکرا، دوای ئەوەش سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیا جەنەڕاڵ مارشاڵ دوای لە عەلی ئیحسان پاشا، سەرکردەی سوپای عوسمانی لەموسڵ کرد شارەکە چۆڵ بکات، لە٨ تشرینی دووەمی هەمان ساڵ پاشەکشەیان کرد، بەم شێوەیە پرۆسەی دەست بەسەر داگرتنی خاکەکانی عێراق لەلایەن بەریتانییەکانەوە کۆتاییان هات (احمد، حمیدی، ١٩٨٩،١٥). هەر لەو کاتەوەش پرسی موسڵ لە نێوان عێراق وبەریتانیا سەریهەڵدا.

دوای سەرکەوتنی کەمالییەکان لەوەدەرنانی داگیرکارانی خاکەکانیان لە چوارچێوەی جەنگی ڕزگاریخوازی تورکی، بەگوێرەی یاسایێك لە ئەنجومەنی نیشتیمانی تورکی لە١ تشرینی دووەمی ١٩٢٢ دەرچوو، ئەنجومەنەکە خۆی وەك دەسەڵاتی باڵا لە وڵات ناسی، هەموو ئەو یاسایانەشی ڕەتکردەوە کە حکومەتی سوڵتان لە١٦ ئایاری١٩٢٠ لەئەستەمبۆڵ دەریکردبوون. لەلایەکی تر لەدوای ڕاکردنی سوڵتان محەمەد وحیدەدین لە١٧ تشرینی دووەمی١٩٢٢، کەمالییەکان بوونە تاکە دەسەڵاتداری تورکیا (حسین،٢٠١٥،

٤٥-٤٦). دوای ئــەوە پرســی موســڵ یەكێــك لــە بابەتەكانــی ســەرەكیەكانی گفتوگۆكانــی نێــوان هــەردوو لایەنــی توركــی و بەریتانــی بــووە، بەریتانییــەكان نوێنەرایەتــی عێراقیــان كــردووە لــە گفتوگــۆكان، چونكــە لەژێــر سەرپەرشــتی خۆیــان بــووە، پشــتگیری لكاندنــی ولایەتەكەیــان بــە عێــراق كــردووە، خــودی هێــنری دۆبســی مەندوبــی ســامی بەریتانــی ڕژدی وڵاتەكــەی لــە بەرگــری لــە مافەكانــی عێــراق لــە پرســی موســڵ بــۆ شــا فەیســەڵ دووپاتكردبۆوە(حســین،٢٠١٥، ٦٥-٦٦). شــا فەیســەڵی یەكەمیــش بایەخــی لكاندنــی ولایەتــی موسـڵی بــە دەوڵەتــی تــازە دامــەزراوی عێراقــەوە بــە وێنــەی گرنگــی كەلــەی ســەری مــرۆڤ بــۆ گشــت بەشــەكانی تــری جەســتە دیبــوو، واشــی بۆچووبــوو ولایەتەكــە بەشــێكی جیــا نەكراوەیــە لــە عێــراق، لــە ڕووی كارگێڕیشــەوە هــەر لــەڕۆژگاری عوســمانییەكانەوە لەلایــەن والــی بەغــداوە كارەكانــی ڕایــی كــراوە (عەزیــز،٢٠٢٢، ١٧٩-١٨٠) لایەنــی توركیــش پاســاوی خۆیــان هەبــووە لــە داواكردنــی ولایەتەكــە، بەتایبەتــی جەختیــان لــەوە دەكــردەوە عێــراق تــا ئــەو كاتیــش بەشــێك بــووە لــە دەوڵەتــی عوســمانی، ســەپاندنی ڕژێمــی سەرپەرشــتیكردنیش پێچەوانــەی ویســتی گەلانــی عێــراق ومــادەی ٢٢ لەگەلاڵەنامــەی كۆمەڵــەی گــەلان بــووە، بــۆ یەكلابوونــەوەی چارەنووســی ولایەتەكــە داوای ئەنجامدانــی گشــت پرســیان كــردووە (احمــد، حمیــدی،١٩٨٩، ٤٦).

بــە كۆتایــی هاتنــی جەنگــی ڕزگاری توركــی، كەمالییــەكان ڕووبــەڕووی جەنگێكــی تــر بوونــەوە ئەویــش شــەڕی دەستەبەركردنی مافەكانــی میللەتــی تــورك بــوو لــەو كۆنگــرە نێــو دەوڵەتیانــەی لــەم ماوەیــە بەســتراون تێــدا نوێنەرانــی تــورك ســەركەوتوبون لەچەسـپاندنی مافەكانیــان، بــۆ نموونــە لەنێــوان٢٠ تشرینــی دووەم ١٩٢٢- ٢٤ تەمــووز١٩٢٣ دوو كۆنگــرە لــە لــۆزان گرێــدراوە، نوێنــەری توركــەكان ســەركەوتنی دیاریــان بەدەســت هێنــا بەجۆرێــك زۆربــەی بەندەكانــی لــۆزان یەكانگیــر بــوون لەگــەڵ بەندەكانــی گەلالەنامــەی نیشــتیمانی توركــی، هــەر بۆیــەش مێژوونووســێك وای بۆچــووە پەیمانــی لــۆزان باشــترین پەیــمان بــووە وڵاتێكــی دۆڕاو واژۆی لەســەری كردبێــت (الجمیلــی،٢٠٢٢،٢٧-٢٨). یەكێــك لەهۆكارەكانــی ســەركەوتنی توركــەكان لــە كۆنگــرەی لــۆزان پاڵپشــتنی وپشــتگیری نێودەوڵەتــی بــوو بۆیــان، هــاوكات پشــتكرایە ئــەم بەڵێنانــەی لــە پەیمانــی ســیڤەر بەكــورد درابــوو دەربــارەی دامەزراندنــی دەوڵەتێكــی كــوردی(٤).

شــایەنی باســە لەبەنــدی ســێیەمی پەیمانــی لــۆزان مــاوەی نــۆ مانــگ دیاریكرابــوو بــۆ ئــەوەی هێڵێكــی ســنوری لەنێــوان توركیــا عێــراق بەشــێوەیكی دۆســتانە بكێشرێــت، ئەگــەر لەمــاوەی دیاریكراویــش نەگەیشــتنە ڕێكەوتــن كێشــەكە بخرێتــە بــەر دەســتی كۆمەڵــەی گــەلان، لەمــاوەی ئــەم نــۆ مانگــە لــە ١٩ مایســی ١٩٢٤ كۆنگــرەی قوســتەنتینیە لەنێــوان هــەردوو وڵات بەســترا، بــەڵام نەگەیشــتنە ڕێكەوتــن (احمــد، حمیــدی،١٩٨٩،٤٦-٤٧)، بۆیــە لەســەر پێشــنیاری نوێنــەری بەریتانیــا لــە كۆبوونــەوەی كۆمەڵــەی گــەلان لــە ٣٠ ئەیلولــی ١٩٢٤ بــە كــۆی دەنــگ بڕیــاردرا كێشــەكە بــە بــە لیژنەیێــك بسپێرن(ســەید قــادر، ٢٠٢٣،٤٧٠ ).

دوای ئــەوە كۆمەڵــە لێژنەیێكی بێلایەنــی بــۆ لێكۆڵینــەوە كــردن لــە بارودۆخــی ولایەتەكــە پێكهێنــا، بــۆ ئــەم مەبەســتە لێژنەكــە لــە ١٦ كانوونــی دووەمــی ١٩٢٥ ســەردانی بەغدا،لــە ٢٧ هەمــان مانــگ ســەردانی موسـڵی كــرد (احمد،حمیـدی، ١٩٨٩) لە٢٧ شــوبات هاتنــە سـلێمانی (ژیانــەوە، ژمــارە (١٩) ٢ مــارت، ١٩٢٥) لــە دوای تــەواو بوونــی كارەكانیشــیان، لــە ١٧ تەمــوزی هەمــان ســاڵ لێژنەكــە دەرئەنجامــی لێكۆڵینەوەكانــی ڕاگەیانــد و ســەرنج وپێشــنیارەكانی پێشكەشــی كۆمەڵــەی گــەلان كــرد (عەزیــز، ٢٠٢٢، ١٩١).

لە ١٦ كانوونی یەكەمــی ١٩٢٥ ئەنجوومەنــی كۆمەڵــەی گــەلان بڕیاریــدا ولایەتەكــە بخرێتــە ســەر عێــراق، بــەو مەرجــەی هــەردوولا بكەونــە دانووســتان، بــۆ مۆركردنــی پەیمانێــك تێــدا عێــراق مــاوەی ٢٥ ســاڵ لەژێــر ڕژێمــی سەرپەرشــتیكردنی بەریتانیــا بمێنێتــەوە (حســین،٢٠١٥،٢٠١) لەگــەڵ ڕەچــاو كردنــی ویســتی كــوردەكان لــە دامەزراندنــی كارمەندانــی كــورد زوبــان لــە دادگا و قوتابخانــەكان، زمانــی كوردیــش ببێتــە زمانــی فەرمــی لەناوچــە كوردییــەكان (حســین،٢٠١٥، ١٥٢).

ئــەوەی تایبەتــە بــە مافــی كوردیــش لەگــەڵ ئــەوەی بــۆ لێژنەكــە دەركەوتبــوو كــوردەكان زۆرینــەی دانیشــتوانی ولایەتەكەیــان پێكهێنابــوو، لــە ڕووی نەتەوەییــەوەش كــوردەكان نەعەرەبــن ونــە تورك(فتــح اللــە،٢٠٠٢،٥٦٤) ئەگــەر لایەنــی نەتەوەیــی لەبەرچــاو بگیرابایــە دەبوایــە دەوڵەتێكــی كــوردی

لــە ولایەتەکــە دابمەزرابایــە، بــەڵام لــە بــەر یەکانگیــر بوونــی بەرژوەندییەکانــی بەریتانیــا لەگــەڵ لکاندنــی ولایەتــی موســڵ بــە عێراقــەوە، ئــەم دەوڵەتــە نەهاتــە دامەزرانــدن.

**دووەم: سـەرچاوەکانی زانیـاری ڕۆژنامەکانـی شـاری سـلێمانی لـە سـەر پرسـی موسـڵ**

سـەرچاوەکانی زانیــاری و هەواڵــی ڕۆژنامەکانــی شــاری ســلێمانی لەســەر پرســی موســڵ دەبــن بــە دوو بــەش: یەکەمیــان: هــەر دوو ڕۆژنامــەی ڕۆژ کوردســتان وامیــد اســتقلال، ســەرچاوەی هەواڵەکانیــان دەربــارەی پرســی موســڵ ئــەو ڕۆژنامــە بــوون لــە ناوخــۆی عێــراق دەردەچــوون، لەوانــەش ڕۆژنامەکانــی (بەغــداد تایمــس، العــراق، الامــل، البــلاغ، دیجلــە، و نجمــە کرکــوك (٥))دەتوانیــن بڵێــن ئــەوەی دواییــان ســەرچاوەی ســەرەکی هەواڵەکانــی هــەردوو ڕۆژنامــەن، بــەدوور نازانرێــت هــۆکاری هــەر ئــەوە بووبێــت ڕۆژنامەکــە لــە شــاری کەرکــوك بەزمــانی تــورکی هاتۆتــە وەشــاندن، لــە ڕووی جوگرافیشــەوە نزیــك بــووە لەســلێمانی بۆیــەش دەستخســتنی ئاســان بــووە، جیــا لــەوەش ئــەو دەستەبژێرە خوێنــدەوارەی کــوردی ســەرەتای ســەدەی بیســتەم بەگشــتی زمانــی تورکیــان زانیــوە بــۆ نموونــە ڕەفیــق حیلمــی لێپــرسراوی بەشــە تورکییەکــەی ڕۆژنامــەی امیــد اســتقلال بــووە، زمانــی تورکــی زانیــوە، چونکــە خوێندنــی ئەندازیــاری لــە زانکــۆی قوســتەنتینیە تــەواو کــردووە (صابــر،١٣،٢٠٠٦) حوسێن نازمیــش کــە بەڕێوبــەری مەســوول وســەر موحەریــری ژمارەکانــی (١٤-١٦) امیــد اســتقلال بــووە (ســاڵح و ســاڵح، ڕۆژنامەکانــی ســەردەمی حوکمــی شــێخ محمــوود، ٢٠٠٣، ١١) نووســینی بــە زمانــی تورکــی بڵاوکردۆتــەوە.

سـەرچاوەی دووەمـی هـەوڵ وزانیـاری ڕۆژنامـەکان بریتـی بـووە لـەو وتارانـەی لەلایـەن نووسـەرانی سـلێمانی وناوچەکانـی تـر دەربـارەی پرسـی موسـڵ بابەتەکانـی پەیوەسـت بەسیاسـەتی تورکــەکان بەرامبــەر کــورد نــووسراون یاخــود وەرگێــڕدراون، تێبینــی کــراوە هەندێــك لــە وتــارە وەرگێــڕاوەکان کۆمەڵێــك بۆچوونیــان تێدابــووە دژی بەرژوەنــدی وچارەنووســی خەڵکــی کوردســتان بــوون لــەو قۆناغــە بــەڵام کارگێڕانــی ڕۆژنامەکــە سـڵیان لەبڵاوکردنـەوەی نەکـردوە" دەقـا و دەق" وەریانگیـڕاوە بـۆ زمانـی کوردی(ئەحمـەد، ٢٠٠٤، ٣٥).

**سـێیەم: ڕەنگدانـــەوەی پرســی موســڵ لــە ڕۆژنامەگــەری شــاری ســلێمانی٢ ی ئــابی ١٩٢٢ - ١٥ی مایــسی ١٩٢٤**

لەگــەڵ گــەرم بوونــی پرســی موســڵ، وقوڵبوونــەوەی ناکۆکییــەکان لەســەر خاوەندارێتــی کردنــی ولایەتەکــە لــە نێـوان هـەردوو لایەنـی تورکـی وبەریتانـی لـە کۆنگـرەی لـۆزان کــە دانیشــتەکانی لــە ٢٠تشرینــی دووەمــی١٩٢٢ دەســتیان پێکرد(حسـین،٤٧،٢٠١٥) م. نـوری (شـێخ نـوری شـێخ سـاڵح) لەڕۆژنامــەی ڕۆژکوردســتان بابەتێکــی لــە ژێــر نــاوی (قصــەی ناحــەق رد اکریتــەوە) کــە وەڵامــە بــۆ بابەتێکــی ڕۆژنامــەی عێــراق کــە لــە ٥ کانوونــی دووەمــی ١٣٩٩ بڵاوکراوەتــەوە، چـوار بابەتـی وروژانـدووە لەوانـە، تەنیـا شـاری سـلێمانی بـە بەشـێك لـە ولایەتـی موسـڵ داوەتـە قەڵـەم، هەروەهـا ژمـارەی عەرەبەکانــی ولایەتەکەشــی بــە٦٠٠ هــەزار دیــار کــردووە، وەنووسـیویەتی "جنـوب موصلیـش کامـلا عربـە" جیـا لـەوەش ڕۆژنامەکـە هێـمای بـۆ ئـەوە کـردووە تورکمانەکانـی ئاکنجـی ولایەتەکـە کەمـن و هیـچ پەیوەندیـان بەکـورد وکوردسـتانەوە نییـە، کوردیـش لـە بنچنـەوە تورکـن، لـە کۆتاییـش ڕەتیشـی دەکاتــەوە ســلێمانی (گفــت -بەیعــەت)ی بــە فەیســەڵ نەدابێــت، م. نــوری لەچــوار خاڵــدا ســەرجەم زانیارییەکانــی ڕۆژنامەکـەی ڕەتکردۆتـەوە (م. نـوری، قصـة حـق رد اکریتـەوە، ڕوژ کوردسـتان،ژمارە (١٠) ٢٤ کانوونـی دووەم ١٣٣٨، وەرگیـراوە لــە: ســاڵح و ســاڵح، ٢٠٠٣).

ڕۆژنامەکانــی ڕۆژگاری شــێخ مەحمــود لــە ســەروبەندی دەســتپێکردنی گفتوگۆکانــی کۆنگــرەی لــۆزان داکۆکیکارێکــی سەرسـەختی بەرگریکـردن لـە مافەکانـی گەلـی کـورد بـوون وجەختیــان لەڕەســەنایەتی خاکــی کوردســتان ونیشــتەجێبونی خەڵکەکــەی لــە دێــر زەمانــەوە کردۆتــەوە، بــۆ نموونــە لــە وتارێکــدا لەژێــر نــاوی (کوردســتان مــال کوردانــە) زێــوەری شــاعیر جەختــی لــەم ڕاســتییە کردۆتــەوە، ئامــاژەی بــەوە کــردووە هەمــوو کــورد یــەك زوبــان ویــەك مەزهــەب و یــەك ئاینیــان هەیــە" تــاق ولونە"جوولەکــە یــان کلدانــی لــە کوردسـتاندا هـەن بـەڕای ئەویـش ئـەم پێکهاتانـە لـە کـورد کــورد تــرن، داوای ســەربەخۆیی وحکومەتێکــی نیشــیمانی دەکــەن، ســنوری کوردســانی لــە ڕووی ڕووبــەرەوە وەك

وڵاتی ئیسپانیا دیار کردووە، پێدەچێت نووسەر ئاگاداری بەرێوە چوونی گفتوگۆکانی کۆنگرەی لۆزان بووە بۆیە نووسیوویەتی"کوردستان مالی کوردانە صاحب وجدانیش هموی لە لوزانە"(زیور، کوردستان مال کوردانە، رۆژ کوردستان، ژمارە (٩)، ١٧ کانونی دووەمی ١٣٣٨)، هەروەها جەختییشی لەوە کردۆتەوە جگە لە ئازادی وسەربەخۆیی "میلی تەبعیت وحاکمیت هیچ قومیکی تر ناکا" (م.نوری، داوای حقوق مشروعە، روژ کوردستان ژمارە ١٠،٨ کانونی ١٣٣٨).

بەگشتی هەردوو ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان وامید استقلال بەدوا داچوونیان بۆدانیشتنەکانی کۆنگرەی لۆزان و وتوێژەکان دەربارەی ئایندەی ولایەتی موسڵ کردووە، بە تایبەتی ئەوەی دواییان، بۆ نموونە لە وتارێکدا م.نوری بەناوی (ولایتی موصل لە لوزاندا) ئاماژە بە گفتوگۆیەکانی کۆنگرەی ناوبراوی کردوە، ئەوەی خستۆتەڕوو لەدانیشتنەکان نوێنەرێکی ئاشوری ونەستوری بانگەشەی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بۆخۆیان کردووە، نووسەری بابەت بەسەر سوڕمانەوە دەپرسێ لە کاتێکدا هەموو دانیشتوانی ولایەتەکە کوردن، چۆن دەبێت نەتەوەی تر داوای دامەزراندنی دەوڵەت بۆخۆیان بکەن، گلەیی لەوەش دەکات میللەتی کورد بێ ئاگایە لە مافەکانی بۆیە وەك دەرئەنجامێکی سروشتی خەڵکی تر چاو دەبڕنە خاك ونیشتیمانی، وەك دەڵێت " غافل وعاطل بە وطن ملك خومان بیکانە طبیعی عالمیش چاوی لە وطن وملکمان بریوە"، بۆیە بەچاکی زانیووە میللەتی کورد بۆ خۆی داوای مافی خۆی بکات، چونکە بەرگری تورك عەرەب وئاسوری لەم پرسەدا بەرگری کردنێك نییە لە خاك ونیشتمانی خۆیان،واشی بۆچووە ئەگەر کۆمەڵەی گەلان داواکاری ئەم نەتەوانە بە ڕەوا بزانێ، دەبێت لە حاڵی داوایکی لەم جۆرەی کورد کەخاوەنی ڕاستەقینەی خاکەکەیە چۆن پێشوازی لێبکرێت؟ هەرچەند نەی شاردۆتەوە ناتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە چونکە نازانێ بەژداربووانی کۆنگرەی لۆزان پڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییان هەیە یاخود نا ؟، جەختیشی لەوە کردۆتەوە داواکاری کورد لە کۆنگرە گێڕان پارێزگاریکردن نییە لە مافی کەمینەکان، بەڵکو کاری ئەوان پارێزگاری و داکۆکی کردنە لە مافی میللەتێکی سەربەخۆی خاوەن خاك و نیشتیمان، بە گوتەی ناوبراو کوردەکان لە ئێستادا لەگەڵ بەریتانییەکان لە پەیوەندی دان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی، بۆیە بەبیر ئەندامانی کۆنگرەی هێناوەتەوە پێویستە هەرچی زووە ئەم پرسە " حیاتیەیە زور بە وضوح حل وفصل بکری "، هیواشی خواستووە کۆنگرە بڕیاری دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە سنورێکی جوگرافی وسروشتی بدات، لەگەڵ دەستەبەرکردنی هەموو مافە شەرعییەکان ودابینکردنی ژیانیان پێبدرێت (م.نوری، ولایتی موصل لە لوزاندا، روژ کوردستان، ژ(٦) ٢٧ کانونی یەکەم ١٣٣٨).

لەوتارێکی تریدا م.نوری ئاماژە بەوە دەکات نوێنەری تورکیا لە گفتوگۆکانی کۆنگرەی لۆزان بەجەعفەر عەسکەری نوێنەری عێراقی ڕاگەیاندووە موسڵ ودەوروبەری ولایەتێکی عەرەبی نین، زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن لەبەر ئەوە دەبێت بدرێتەوە تورکیا، لەلایەکی تر نوێنەرێکی ئاشوری لەسەر بنەمای ئەوەی موسڵ لەبنەڕەتدا ولایەتێکی ئاشوری بووە بۆیە داوای کردووە دەوڵەتێکی ئاشوری سەربەخۆ لە ولایەتەکە دروست بکرێ، بە گوێرەی زانیاری نووسەریش لە وەڵامدا جەعفەر عەسکەری ئەم بانگەشەی بە" باطل وبی دلیل" وەسف کردووە، بەگوێرەی زانیاری نووسەر، عەسکەری ڕاشیگەیاندووە ولایەتی موسڵ ولایەتێکی کوردییە بەگوێرەی پەیمانی سیفەریش بڕیار لە دروستکردنی دەسەڵاتێکی کوردی دراوە لە ناوچەکە، بەگوتەی ئەو "ایستا خویان حکومتیکی منتظمیان تشکیل کردوە" و شێخ مەحمود پادشایانە بۆیەش هیچ حکومەتێك بۆی نییە مافی ئەم میللەتە زەوت بکات، ڕاشی گەیاندووە تەنیا ناوەندی موسڵ دەمێنێتەوە کە دانیشتوانەکەی عەرەبن و بەشێکی دانەبڕاوان لە عێراق وخۆشیان بە بەختیار دەزانن کە لەژێر سایەی ڕژێمی پادشایەتی عێراقدا بن، نوێنەری تورك پاساوەکانی لایەنی تورکیش بۆ داواکردنی ولایەتەکەی بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە لەلایەنەکانی بازاڕ، سوپا وجوگرافیاوە و لایەتەکە بۆ ئەوان گرنگە، لەوەڵامیشدا عەسکەری هێمای بۆ ئەوە کردووە ئەگەر

لایەنی سەربازی بۆ تورکەکان گرنگ بێت ئەوا بۆ عێراق گرنگترە، چونکە بە گوێرەی ڕای ئەو ئەگەر بە ویژدانەوە لێکۆڵینەوە لەسەر پرسەکە بکرێ سنوری ولایەتەکە لە موسڵیش ڕەت دەبێت تا دەگاتە دوورگەی ئیبن وعومەر، مێژووش گەواهی ئەوە دەدا. دوای ئەوە نووسەری بابەت هێما بۆ ئەوە دەکات لەسەر لاێکی خاکی کورد شەڕە وکوردیش کە خاوەن نیشتیمانەکەیە، لەجیهان بێ ئاگان، بەرگری لە مافی خۆیان ناکەن، بۆیە داوای کردووە مافی کورد لە لۆزان فەرامۆش نەکرێ، چونکە هەلێکی مێژوویی هاتۆتە پێش ئەگەر کورد بێ ئاگا بێت لەمافەکانی ئەوا دەبێت لە داهاتوو بۆ هەر چرکەیێك " دەسال عذاب واسارت بکیشین"(م. نوری، ولایت موصل لە بین ٣ دا، روژ کوردستان، ژمارە (٦) ٢٧ کانونی یەکەم ١٣٣٨).

جێگای ئاماژەیە لەڕێگای ڕۆژنامەی رۆژ کوردستان دەزانین ئەو یاداشتەی نوێنەری بەریتانیا لەلۆزان دەربارەی ژمارەی تورك لە موسڵ داویەتی بەنوێنەری تورکەکان کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر لایەنی تورکی تا ئەوکاتیش وەڵامی بەریتانییەکانیان نەداوەتەوە، جیا لەوەش دواکەوتنی وەڵامەکە بەلای ڕۆژنامەی رۆژ کوردستان بانگەشەکانی تورکیا لەسەر داواکانی بۆ لکاندنی ولایەتەکە، بەلاوازی هەڵویستی ئەم وڵاتەی لێکداوەتەوە (موصل وتورکیا، رۆژ کوردستان، ژمارە (٩)،١٧ کانونی دووەم ١٣٣٨) هەروەها، ڕۆژنامەکە ئەوەی خستۆتە ڕوو بەهۆی ڕەتکردنەوەی سیستەمی ئیمتیازاتی وڵاتانی بێگانە لەلایەن عیسمەت ئینۆنۆ، دانیشتەکانی لۆزان پەکیان کەوتووە، لۆرد کێرزۆن ونوێنەرانی تریش، لۆزانیان جێشهیشتووە(انقطاعی مجلس لوزان، روژ کوردستان، ژمارە(١٤)٢٤ شوبات ١٣٣٨)، هێماش بەوە کراوە ئینۆنۆ بڕوا بە یاداشتی کۆتایی کۆنگرەکە ناکات (لای تورکیا مذاکرة لوزان نەبراوەتەوە، روژ کوردستان، ژمارە(١٤)٢٤ شوبات ١٣٣٨).

لەدوای واژۆکردنی پەیمانی لۆزانیش ڕۆژنامەی امید استقلال بەردەوام بووە لە بەدواداچوونی پرسی موسڵ، لە هەواڵیکدا دەربارەی دیاریکردنی سنووری نێوان عێراق وتورکیا، نووسیویەتی حکومەتی تورکیا و بەریتانیا لە چاوەڕوانی ئەوەن پەیمانی لۆزان بە کردار جێبەجێ بکرێت، بەگوێرەی مادەکانی(٣ و٢٠ ) دەست نیشانی سنور بکرێ، لەم لایەنەوەش هەردوولا هیوای ئەوەیان خواستووە هیچ جوڵانەوەیێك نەکەن بێتە ئاڵۆز بوونی دۆخەکە (حدود عراق وتورکیا، ڕۆژنامەی امید استقلال،ژمارە (١)،٢٠ ئەیلول١٣٣٩) هەروەها، ڕۆژنامەکە لەهەواڵێکدا ئەوەی ڕاگەیاندووە ماوەی نۆ مانگ دیاریکراوە بۆ یەکلایکردنەوەی پرسی موسڵ، وبەگوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامەکە کێشەکان لەسەر دوو بابەتی سەرەکین، یەکەمیان شاری موسڵە کە عەرەبەکان داوای دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا زۆرینەی دانیشتوانەکە عەرەب نین کوردیشی تێدایە، خاڵی دووەمیش بوونی نەوتی موسڵە کە تورکیا داوای بەشێکی دەکات، ڕۆژنامەکە ڕایگەیاندووە هەردوولا تا ئێستا نەگەیشتوونە ڕێکەوتن بەڵام، شیمانەی ڕێکەوتن" زیاتر مأمولە" (لە مجلس لوزاندا مسئلة موصل، امید استقلال، ژمارە(٣)، ٤ تشرینی یەکەم ١٣٣٩).

لەگەڵ بەرەو پێش چوونی پرسی موسڵ امید استقلال هەوڵیداوە خوێنەرانی ئاشنا بکات بەبایەخ وگرنگی شوێنی جوگرافی ولایەتی موسڵ، بۆ ئەم مەبەستە، امید استقلال بابەتێکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بە ناوی (موصل کلیل شرق اوسطە) کە لەڕۆژنامەی (الامل) ی وەرگرتووە، ئەویش لە ڕۆژنامەی (لازی فرانسز) ی فەڕەنسیی گواستۆتەوە لەم ڕووەوە ئاماژەی بەوە کردووە موسڵ کەوتۆتە سەر ڕووباری دیجلە، زنجیرە چیاکانی کوردستان ڕێگاکانی وشکانی و دەریایی بەناوچەکانی بەغدا وهیند و ئیران تا ئەنادۆڵ و سوریا بەیەکییەوە بەستاوەتەوە، بەم هۆیەوەش بۆتە کلیلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر بۆیەش نووسیوویەتی هەرکەسێك ئارەزوی کۆنترۆڵی عێراق وهیندستان بکات دەبێت ئێران و کوردستان بکات بەبنچینەی جوڵانەوەکانی، لەم ڕووەوە لەپێش هەموو شتێکدا شاری موسڵ سەرنجی کەسایەتییە سەربازییەکان ڕادەکێشێت لەبەر ئەوەش بۆ پارێزگاریکردن لە شارەکانی عێراق لە هێرشە ئاسمانی و زەمینیەکان بە پێویست زانراوە موسڵ بکرێتە چەقی هێرش وبەرگری، دواتر باسی لەگرنگی شوێنی شارەکە لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەدیاریکراویش لە نێوان ساڵانی

١٩١٥-١٩١٦ لەلای هەریەك لە تورك ڕووس وئینگلیزەکان کردووە، بە جۆرێك لە زێدە ڕۆییەوە نووسیویەتی هەر حکومەتێك ئەگەر ولایەتەکەی بەدەستەوە بێت بەتایبەتی ئەگەر سوپایێکی ڕێخراو و ئامادەکراوی هەبێت و ڕێگای شەمەندەفەری بۆ فەراهەم بکات، دەتوانێت هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەلای ڕۆژنامەکەوە لەکۆنگرەی سان ریمۆ بڕیار درابوو ولایەتەکە لە عێراق جیا نەکرێتەوە، بەڵام دراوسێی باکورییەکانی عێراق (مەبەست تورکیایە) هەوڵیان داوە دەسەڵاتیان بەسەر ولایەتەکە بگێڕنەوە، لەم ڕێگایەوە گەرەکیان بووە هەڕەشە لە دەسەڵاتی هەریەك لە ئینگلیز لە هیندستان وفەڕەنسییەکان لە سوریا بکەن (موصل کلیل شرق اوسطه، امید استقلال،ژمارە (١٠) ٢٢ تشرینی دووەم ١٣٣٩).

ڕەفیق حیلمی لەسەروبەندی هاتنە پێشی پرسی موسڵ وەك یەك لەڕۆشەنبیرانی سلێمانی، لەچەند وتارێکدا چارەنووسی کوردستانی لە ململانێی نێوان بەریتانیا وتورکیا شی کردۆتەوە، ناوبراو درکی بە گرنگی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کردوە بۆ کورد لەم بارودۆخە سیاسیەی دوای جەنگ هاتبووە کایەوە کە سەردەمی دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بووە، بۆیە بەبایەخەوە سوودەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی ڕوونکردۆتەوە، لە دیدی ئەوەدا " فائدەی یکجار عظیمە" بەلای ناوبراو ئەمە ڕاستیێکی نکۆڵی لێنەکەرە، پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەر نییە، تەنانەت ئەگەر تەمەنی دەوڵەتەکە ڕۆژێکیش بووبێ " لە منفعت خالی نیە" (رفیق حلمی، حکومت ملیە فائدەی چیە، امید استقلال، ژمارە(٨) ٨ تشرینی دووەم،١٣٣٩) هەروەها بەلای نووسەرێکیشەوە " قومیت لەفوق کل شتیکەوەیە ".عربی شیعی، قومیت لە فوق کل شتیکەوەیە، امید استقلال، ژمارە(٨) ٨ تشرینی دووەم،١٣٣٩) هەروەها، ڕەفیق حیلمی جەختی لەوە کردۆتەوە لە بێ ئاگاییەوە عەرەبەکان شاری سلێمانیان بەبەشێك لە عێراق وتورکیش موسڵیان وەك تورکستان سەیر کردووە، هەرچەند دانی بەوە ناوە وڵاتانی دراوسێ بەجۆرێك لە چاوی تەماحکاری ڕوانیوویانەتە کوردستان، بەڵام دابەش بوونی سیاسی ناکۆکی ناوخۆشی بەهۆکارێکی تر زانیووە بۆ برەو دان بەم جۆرە بانگهێشتانە (رفیق حلمی، سیاسیات- حق وحقیقت، امید استقلال،ژمارە(١٢)،٦کانونی یەکەم ١٣٣٩).

لەوتارێکی تر بە ناوی(حلب وکوردستان) ڕەفیق حیلمی باسی لەگرنگی شوێنی جوگرافی هەردوو شاری موسڵ وحەلب کردووە، واشی بۆچووە لە ڕووی سەربازی نەتەوەییەوە وەك" دوو تای تەرازویکن" بە تێکچوونی دۆخی هەر لایێکیان کاریگەری لەسەر لایەکەی تریش دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا حیلمی دانی بەوە ناوە عێراق مەملەکەتێکی عەرەبە بەڵام، بەشی باکوری ڕۆژهەلاتی" کاملا کوردە" ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە نەتەوەی کورد لە داواکردنی مافەکانیان دوا نەکەوتوون، باسی لەوەش کردووە چۆن بەریتانییەکان کاتێك فەیسەڵی کوڕی حوسێنیان کردۆتە پاشای عێراق، تورکەکان کێشەیان بۆ فەڕەنسییەکان دروستکردووە، هەندێك زەویان لەژێر چەنگی فەڕەنسییەکان دەرهێنابوو کە لەماوەکانی پێشتر دەستیان بەسەرداگرتبوو، مەترسی ئەوەشی هەبووە دەسەڵاتی فەڕەنسی لەسوریا بۆ دروست کردنی کێشە بۆ بەریتانیەکان حەلەب ڕادەستی تورکیا بکەنەوە، لە بەرامبەردا بەریتانییەکان ناچار دەبن لەولایەتی موسڵ پاشەکشە بکەن و کوردستان ڕادەستی تورکەکان بکەنەوە(رفیق حلمی، حلب و کوردستان، امید استقلال، ژمارە(١٣)،١٣کانونی یەکەم ١٣٣٩). ئەم ترسەی ناوبراو لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کەحوکمڕانی تورکی بە دەسەڵاتێکی ڕەها و خۆسەپێن هەژمار کردبوو، بۆیە لەدیدی ئەو، لە سەرەتای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ کوردستان لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی بەگشتی دانیشتوانی کوردستان، بەهاتنیان"کوتە رفاە واستراحت"(رفیق حلمی، تورکیزم، انکلزچی، وطنپرور چن؟ وملت کورد بە چی مال ویران بو؟، امید استقلال، ژمارە (١٠)٢٢ تشرینی دووەم١٣٣٩) تەنانەت زوڵم وستەمی کەسایەتێکی وەك مێجەر سۆن لە سلێمانی سەری گرتووە (رفیق حلمی، حکومت ملیە فائدەی چیە، امید استقلال، ژمارە (٨)، ٨ تشرینی دووەم ١٣٣٩) هەروەها وای بۆچووە لایەنگرانی سیاسەتی تورك لەکوردستان بەربەستن لەبەردەم برەودان بە بیری نیشتیمان پەروەری(رفیق حلمی، تورکیزم، انکلزچی، وطنپرور چن؟ وملت کورد بە چی مال ویران

بـوو؟، امیـد اسـتقلال، ژمـارە (١٠)٢٢ تشرینـی دووەم١٣٣٩).
شـایەنی باسـە ڕۆژنامـەی امیـد اسـتقلال خوێنەرانـی لـەوە ئـاگادار کردۆتـەوە ئاڕاسـتەی گفتوگۆکانـی نێـوان هـەردوو لایەنـی تورکـی وئینگلیـزی ڕووەو چارەسـەری پرسـی موسـڵ بـووە بەڕێـگای گفتوگـۆی ئاشـتی، لـەم بارییـەوە وتەیێکـی جەنـەراڵ تاوزنـدی گواسـتۆتەوە تێـدا هێـمای بـۆ ئـەوە کـردووە وڵاتەکـەی لەسـەر موسـڵ لەگـەڵ تـورك وە نـە تورکیـش ئامـادەن لەسـەر ولایەتەکـە شـەڕی یەکـدی بکـەن، چونکـە وەك ڕۆژنامەکـە هێـمای بـۆ کـردووە بـۆ هـەردوولا بـە تایبەتـی تورکـەکان ڕێکەوتـن باشـترە، چونکـە خەریکـی دووبـارە بنیـاد نانـەوە و چاکسـازی وڵاتەکەیانـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە هەندێـك بەڵگـەی لەسـەر نییـەت پاکـی هـەردوولا خسـتۆتە ڕوو(مشـكلەی موصـل لـە بـین تـورك و انكلیـزدا، امیـد اسـتقلال،ژمارە (١١)، ٢٩ تشرینـی دووەم ١٣٣٩)
هەروەهـا، ڕۆژنامەکـە هەواڵـی دەنگدانـی ئەنجومەنـی پیـاو ماقوڵانـی بەریتانیـای لەسـەر پەیمانـی لـۆزان گواسـتۆتەوە لـەم بارەیـەوە لـۆرد کیرزۆنـی وەزیـری دەرەوەی بەریتانیـا لەنـاو ئەنجوومەنەکـە، ئامـاژەی بـەوە کـردووە پێویسـتە وڵاتەکـەی سـەیری ڕابـردوو نـەکات، وەك دۆسـتێکی دێریـن و دەسـەڵاتێکی تـازە، هەمـوو ئـارەزووی تورکـەکان جـێ بەجـێ بـکات (معاهـدة لوزان،امیـد اسـتقلال،ژمارە (١٩) ٢٠ مـارت ١٣٤٠). لەبەرامبەریشـدا بەشـێکی زۆری ئەندامـانی ئەنجومەنـی نیشـتمانی تورکـی لـە ئەنقـەرە لەگفتوگۆیێـکی تونـدا، داوایـان کـردووە لەبەرامبـەر ئـەو ڕێوشـوێنانەی بەریتانییـەکان لـە ولایەتەکـە گرتبوویانەبـەر، حکومەتـی وڵاتەکەیـان " بەبـی مسـامحە" داوای ولایەتەکـە بکـەن، جیـا لـەوەش داوا کـراوە هەتـا شـاخەکانیش حەمرینیـش دەسـت بـە سـەردا بگـرن (لـە غزتـە العراقـەوە، اژانـس رویـتر موصـل لـە انقـرەدا، امیـد اسـتقلال، ژمـارە (٢١) ٣ نیسـان١٣٤٠). لەلایەنـی خۆیـەوە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی بەریتانیـا بەزۆرینـەی دەنـگ پەیمانـی لۆزانـی پەسـند کـردوە (مذاکـرة موصـل چـە وقـت دسـت پـی دەکا، امیـد الاسـتقلال،ژمارە(٢٤) ١مایـس١٣٤٠).
لەبەرامبەریشـدا امیـد الاسـتقلال نەیشـاردۆتەوە دەنگـی نارەزایی لەبەرامبـەر پەیمانەکـە هەبـووە، چونکـە بـە زیـان بـۆ بەرژەوەنـدی و شـکۆی حکومەتـی بەریتانییـەوە لێکدراوەتـەوە، بـەو پێیـەی حکومەتـی وڵاتەکەیـان بـە هەمـوو هـەوڵ وتوانـای خۆیـەوە بەرگـری لەبەرژوەندییەکانـی کـردووە لـە پرسـی موسـڵ، بـەڵام لەکۆتاییـدا بەمۆرکردنـی پەیمانـی لـۆزان دەسـت بـەرداری بەرژوەندییەکانـی بـووە بـۆ تورکـەکان، بـەڵام ڕامـزی ماکدۆنالـد وەك سـەرۆکی حکومـەت وەڵامـی دەنگـە نارازییەکانـی داوەتـەوە، بـەوەی پەیمانەکـە بۆتـە بەڵگەنامەیێکـی فەرمـی (لـە غزتـە نجمـەوە، لـە نظر(مسـتر فیـشر)دا معاهدەنامـە لـوزان مسـئلە ترکیـا وموصـل، امیـد الاسـتقلال،ژمارە(٢٣)،٢٤ نیسـان ١٣٤٠).

### تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوەی پرسی موسڵ لە ڕۆژنامەی ژیانەوە ١٨ی ئابی ١٩٢٤ - ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦

### یەکـەم: سـەرچاوەکانی زانیـاری ڕۆژنامـەی ژیانـەوە لـە سـەر پرسـی موسـڵ

دەرچوونـی ڕۆژنامـەی ژیانـەوە هـاوکات بـووە لەگـەڵ سپاردنی پرسـی موسـڵ بـە کۆمەڵـەی گـەلان و ناردنـی لێژنـە بـۆ لێکۆڵینـەوە لەباروددۆخـی ولایەتەکـە ودواتریـش یەکلابوونـەوەی پرسـەکە، بۆیـەش هـەواڵ وزانیارییەکانـی گرنگـن وبەبـەراورد بـە هەمـوو ڕۆژنامەکانـی مـاوەی توێژینـەوەش زۆرتریـن بایـەخ وگرنگـی بـەم پرسـە داوە، بەگشـتی هـەواڵ وزانیارییەکانـی لەچەنـد سـەرچاوە دەسـت کەوتـوون، یەکەمیـان هەوڵەکانـن ئەویـش لـە دوو سـەرچاوە وەرگیـراون یەکەمیـان بریتیـن لـە ڕۆژنامـەکان، تێبینـی ئـەوە دەکرێـت جگـە لـە هەواڵێـك لـە ژمـارە(٤)ی ڕۆژنامـەی (النجمـة) ی گواسـتۆتەوە، ئەوانـی تـر لـە ڕۆژنامـە عەرەبییـەکان وەرگیـراون، لەوانـەش (العـالم العـربي، اوقـات البغدادية،العـراق، الموصـل) زۆرتریـن هەواڵیـان گواسـتۆتەوە،دوای ئەوانیـش ڕۆژنامەکانـی (المفيـد) و (العهـد) دێـن. ئـەوەش ئاسـایی بـووە چونکـە ئاڕاسـتەی سیاسـی بەڕێوبەرانـی ڕۆژنامـەی ژیـان لەگـەڵ بۆچوونـی ڕۆژنامـە عەرەبییـەکان سـەبارەت بـە پرسـەکە یەکیـان گرتۆتـەوە، هەروەهـا جیـاواز لـە ڕۆژنامەکانـی پێـش خـۆی، ئاژانسـی هەواڵـی ڕۆیتەریـش سـەرچاوەیێکی تـری هەواڵەکانـی ژیانـەوە بـووە سـەبارەت پرسـی موسـڵ، بەتایبەتـی لـە قۆناغەکانـی کۆتایـی یەکلابوونـەوەی پرسـەکە، جیـا لەوانـەش وەرگێـڕان و نووسـینی وتـاری تایبـەت بـە ولایەتـی موسـڵ، سـەرچاوەیێکی

تـری زانیارییەکانـی ژیانــەوە بــووە، لەلایەکــی تــر ڕۆژنامەکــە بــە پێویســتی زانیــووە خوێنەرانــی ئاشــنا بــکات بــە بابەتــی دیاریکردنــی ســنوری عێراقــی- تورکــی کــە بەشــێکی گرنگــی پرســی موســڵ بــووە بــۆ ئــەم مەبەســتەش لەژمارەکانــی(٤٣-٥٣) دەقــی بەشــێك لــەم ڕاپۆرتــەی وەرگێڕاوەتــە ســەر زمانــی کــوردی کــە لەلایــەن لێژنــەی تایبەتــی دیاریکردنــی ســنوری نێــوان هــەردوو وڵات دەرچــووە، بەبــێ ئــەوەی ئامــاژە بــەو ســەرچاوەیە بــکات کــە ڕاپۆرتەکــەی لێوەرگرتووە(بڕوانــە: زەنگەنــە،٢٠٠٠).

**دووەم: هەنگاوەکانــی ڕۆژنامــەی ژیانــەوە بــە ئاڕاســتەی بــرەودان بــە سیاســەتەکانی بەریتانیــا لــە پرســی موســڵ.**

ژیانــەوە بــەدوا داچوونــی ووردی بــۆ دانیشــتن و کاری لێژنەکــەی کۆمەڵــەی گــەلان تایبــەت بــە پرســی موســڵ کــردووە، جیــا لــەوەش بەئاشــکرا و بــە بــێ پەنــا بەرگــری لــە سیاســەتەکانی هــەردوو حکومەتــی ئینگلیــز وعێراقــی کــردووە، لــە پرســەکە، ڕوبــەڕوی خواســتەکانی تورکیــا بۆتــەوە بــۆ داواکردنــی لکاندنــی ولایەتەکــە، تێبینــی دەکرێــت لــەم پێناوەشــدا ڕۆژنامەکــە کۆمەڵێك هەنگاوی گرتۆتە بەر، لەوانە:

**١. پەسنی سیاسەتەکانی بەریتانیا.**

جــوان نیشــاندانی سیاســەتەکانی حکومەتەکانــی بەریتانیــا وعێــراق بەڕوونــی لەســەر ڕوپــەڕی ڕۆژنامــەی ژیانــەوە دیــارە، ئەمــەش لــە ڕێــگای دەســتە بژێرێــك لــە نوســەران وڕۆشــەنبیرانی شــاری ســلێمانی کــراوە، لــە ڕێــگای وتارەکانییــەوە، هەوڵیــان داوە بەریتانیــا وەك تاکــە فریــاد ڕەســی گەلانــی عێــراق بەگشــتی و کــورد بــە تایبەتــی نیشــان بــدەن، لــەم بارەیــەوە وەك ئامادەســازی بــۆ ئــەوەی بــۆ جەمــاوەری کــوردی بســەلمێنن ئەگــەر ولایەتــی موســڵ هاوشــێوەی بەشــەکانی تــری عێــراق، بکەوێتــە ژێــر دەســتی حکومەتــی عێراقــی و ســەرپەرشــتی بەریتانییــەکان ئــەوا ژیانێکــی خۆشــیان بــۆ فەراهــەم دەکــەن، چارەنوسیشــیان ڕۆشــەن دەبێــت، لــەم بارەیــەوە عەلــی عیرفــان(٦) لــە وتارێکــدا بــە ناوی(بوچــی بیرمــان نەمــاوە) ئامــاژە بــەوە دەکات تاوەکــو ســلێمانی و دەوروبــەری لــە ژێــر دەســتی تورکــەکان بــووە لەهۆکارەکانــی پێشــکەوتنیش بێبــەش بــوون، کارگێڕێکــی باشیشــیان نەبــووە، بــەڵام بەگرتنــی بەغــدا لــە لایــەن ئینگلیزەکانــەوە هەمــوو عەرەبیــان خســتۆتە ســەر " اســتراحەت ورفاهیتــەوە" بۆیــە گشــت گەلــی کــورد بــە دڵ وگیــان و بــە " بــە چــوار چــاو" چاوەڕوانــی هاتنــی ئینگلیزیــان کــردووە، تاوەکــو ئەوانیــش وەك عەرەبــەکان ڕزگار بــکات و لــە زوڵــم و چەوســانەوەی تورکــەکان دووریــان بخەنــەوە، لــە دیــدی نووســەر، ئینگلیــز لەکاتــی "غــر غــره و لــه وقتــی کیــان دانابویــن" بەهانــای گەلــی کــورد هاتــوون ســتەمی تورکەکانــی لەســەر لاداون، نوســەری بابەتەکــە مەبەســتییەتی ئــەم بڕوایــە لــە لای تاکــی کــوردی جێگیــر بــکات کــە ســەرەتای بیــری نەتەوەیــی کــوردی، لەڕێــگای ئینگلیزەکانــەوە لای کــورد جێگیــر کــراوە، بــەر لــە هاتنــی ئــەوان لــە ڕۆژگاری تورکــەکان کــورد بیــری لــەم پرســەش نەکردۆتــەوە، تورکەکانیــش ڕێگربــوون لــەم پرســە، ئینگلیــزەکان کوردایەتیــان خســتۆتە مێشــکی کوردەکانــەوە، هــەر ئەوانیــش " اصــل ونســل" کوردیــان نیشــانی تاکــی کــوردی داوە، نــەك ئەوەنــدە تەنانــەت دابەزیووتــە ئــەو ئاســتەی بنووســێ ئــەو کاتــەی کــورد کەوتــە ژێــر دەســەڵاتی ئینگلیــزەکان، بەهەمــوو جۆرێــك هەوڵیــان داوە کــورد" بکــن بــە انســان"لە کۆتایــی نووســەری بابەتەکــە تاکەکانــی کــورد بێــدار دەکاتــەوە لــەوەی دوای بینینــی ئــەم ئەزموونــە لــە بەریتانییــەکان" شــوین شــتی خــراپ نکەویــن " تاوەکــو کوردیــش وەکــو دراوســێکانی بکەوێتــە " اســتراحتەوە و بــە بیــن بــە انســان" (عــلی عرفــان، بوچــی بیرمــان نەماوە،ژیانــەوە، ژمــارە(١٢)، ٩ کانونــی دووەم ١٩٢٤).

ژیانــەوە بــە هەمــوو شــێوەیێك لــە هەوڵــی ئەوەدابــووە ئینگلیــزکان وەك ســەرچاوەیێکی پێشــکەوتنی کــورد نیشــانبدات، لەوبەرامبەریشــدا نەگبەتــی ونەهامەتییەکانــی کــوردی بەمــاوەی دەســەڵاتی تورکــەکان بەســەر ناوچەکانــی کوردســتانەوە گرێــداوە، لــەم باریــەوە عەلــی عیرفــان لەژمارەکانــی(١٧-١٨) لــە وتارێکــدا لەژێــر ناوی(فــرق ایســتا و او ســامان) دوای ئــەوەی ســنوری ولایەتەکــەی بەشــارەکانی کەرکــوك، ســلێمانی،هەولێر،کۆیە، ئاکرێ،ڕەواندز،زاخــۆ، ئامێــدی ودهــۆك دیاریکــردووە، بەراوردێکــی دۆخــی کــوردی لــە هــەردوو ڕۆژگاری عوســمانی وئینگلیــزی لــە هەندێــك بــواردا کــردووە، بۆنموونــە لەســەر دۆخــی خوێنــدن وخوێنــدەواری وەســتاوە، بــەراوردی ژمــارەی قوتابخانەکانــی لــە هــەردوو ڕۆژگار کــردووە، لــەم ڕووەوە ئامــاژەی بــەوە کــردووە دۆخــی پــەروەردە بەگشــتی

لەســەردەمی دەســەڵاتی ئینگلیــز باشــتر بــووە، ژمــارەی قوتابخانەکانیــش زیاتــر بــووە، هێماشــی بــۆ ئــەوە کــردووە لــە ڕۆژگاری عوســمانی لەهەمــوو ولایەتــی موســڵ نزیکــەی٣٠ قوتابخانــە هەبــووە، بــەڵام دوای هاتنــی ئینگلیــزەکان تەنیــا لــە لیــوای موســڵ ئــەم ژمارەیــە بەرزبۆتــەوە بــۆ ٧٠، لــە کەرکوکیــش بــۆ ٢٠، بەگشــتی لــە هەمــوو ولایەتەکــە نزیــك بــە ١٣٠ قوتابخانــە هەبــووە، لــە ڕووی شــێوازی وانەوتنــەوە وپلــەی سەرکەوتنیشــان "مترقــی تــرە لــە زمانــی تورکــەکان". جیــا لــەم بــوارەش جیاوازییەکانــی نێــوان کەرتەکانــی بازرگانــی وکشــتوکاڵی لــە هــەردوو ڕۆژگاری عوســمانی وبەریتانــی لــە ولایەتەکــە دەرخســتووە (علــی عرفــان، فــرق ایســتا و اوســامان، ژیانــەوە، ژمــارە (١٧)٢٣ شــوبات١٩٢٥) بۆیــە نووســەری بابــەت پێداگیــری لەســەر پێویســتی پەیوەســت بوونــی کــورد و ولایەتــی موســڵی بــە دەوڵەتــی عێراقــەوە کردۆتــەوە وەدڵنیایــی دەدات کــە بەبــێ عێــراق " ناژین"(علــی عرفــان، فــرق ایســتا و اوســامان، ژیانــەوە، ژمــارە (١٨) ٢٦ شــوبات١٩٢٥) بــەڵام پێدەچێــت هێشــتا کــەم وکــوڕی لــە کەرتــی خوێنــدن هەبووبێــت، بۆیــە ڕۆژنامەکــە لەگــەڵ ئــەوەی ئامــاژەی بــە هەوڵــی بەرێوبــەر، پشــکنەر و موتەســەڕیفی شــارەکە کــردووە لــە کردنــەوەی قوتابخانــە، بــەڵام نەیشــاردۆتەوە لەبــەر دواکەوتنــی بــاری خوێنــدن، پێویســتی زۆریــان بەبەرزکردنــەوەی ئاســتی ئــەم کەرتــە هەبــووە، بۆیــە داوای کردنــەوەی قوتابخانــەی زیاتــر و پڕکردنــەوەی کــەم وکوڕییەکانــی کەرتەکــەی کــردوە (ژیانــەوە، ژمــارە (٣٠)١٠ تەمــوز ١٩٢٥).

شــایەنی باســە ڕۆژنامەکــە بەریتانیــای وەك پارێــزەری شوناســی نەتەوەیــی ومافــە کەلتورییەکانــی کــوردی باشــور زانیــوە، لــەم بارەییــەوە جەخــت لــەوە کراوەتــەوە ئــەوەی ئــەوان بــۆ کــوردی ئــەم پارچەیــان دەســتەبەر کــردووە لەپارێزگاریکردنــی مــاف، داب ونەریت،ئاینــداری و زمانــی کــوردی، لــە هیــچ کام لــەم وڵاتانــەی دەوروبــەر فەراهــەم نەکــراوە کــە کوردیــان تێدایــە (جــواب بــو کاغــذ شــیخ حمــە غریــب کــە بــو همــو کویخــای دیهــات قرەداغــی نوســیوە، ژیانــەوە، ژمــارە (٥٢)،١٠ کانوونــی یەکــەم،١٩٢٥) جگــە لــەوەش ئامــاژەی بــۆ ئــەوە کــردووە جگــە لــە ئینگلیــزەکان کەســی تــر بــە بەزەیــی بــە کــوردا نەهاتۆتــەوە، بەشــێك لــە نووســەرانی ژیانــەوە گەرەکیــان بــووە ئــەم بڕوایــە لــە هــزری تاکــی کــوردی جێگیــر بکــەن هەمــوو هیــوا و ئاواتێکــی کــورد تەنهــا لەڕێــگای بەریتانییەکانــەوە دێتــە دی، لەبــەر ئــەوەش هــەر بــە گژداچوونــەوەو ڕووبەڕووبونەوەیــك لەگەڵیــان بــە کارێکــی خراپیــان زانیــووە وەك نووســیویەتی: "بەدســت خومــان اگــر انیــن بەمــال خومانــەوە" (هــوز حســن مــولان، گفتوگویکــی دو پیــاوی شــیخ محمــود...، ژیانــەوە، ژمــارە (٣٦)٢٠ ئــاب١٩٢٥) وەك هێمایــك بــۆ نیشــاندانی مایــە پــووچ بوونــی وەســتانەوەی شــێخ مەحمــود لــە ڕووی ئینگلیــزەکان، دواتریــش بەزیــان شــکانەوەی بەســەر خەڵکــی ســلێمانی.

هەوڵــدان بــۆ بــە جــوان نیشــاندانی ســیمبولە دیارەکانــی ئینگلیــز لایەنێکــی تــری پەســنی سیاســەتەکانی ئینگلیــز بــووە، کارگێڕانــی ڕۆژنامەکــە چالاکانــە کاریــان لەســەری کــردووە، لــەم لایەنــەوەش تەنانــەت چاوپۆشــی لــەوەش کــراوە کــە بەشــێك لەوانــە لــە هەندێــك کاتــدا سیاســەتێکی خراپیــان بەرامبــەر شــێخ مەحمــود و دانیشــتوانی ســلێمانی پیــادە کــردووە، بــۆ نموونــە لەکاتێکــدا مێجــەر ســۆن هیــچ ئەرکێکــی فەرمــی لــە شــاری ســلێمانیدا نەمــاوە ڕۆژنامەکــە وەك " داهیــە" و "کــورد پــرور" دەناســێنرێ (چاپەکمان،ژیانــەوە، ژمــارە(٥١)، ٣ کانونــی یەکــەم ١٩٢٥) هەروەهــا، ڕۆژنامەکــە بەبــاڵای جەنــەڕاڵ مــۆدی هەڵــداوە، کــە ســەرکردایەتی هێزەکــەی ئینگلیــزی کــردووە، لەوکاتــەی لــە ئــازاری ١٩١٧ بەغدایــان گــرت، پێشــنیاری ئەوەشــی کــردووە ئــەو ســەد وپەنجــا هــەزار ڕوپییــەی بڕیــار بــووە بەنــاوی مــۆدەوە عێــراق خــەرج بکــرێ بڕێکــی بــۆ دروســتکردنی پــرد و قوتابخانــە و نەخۆشــخانە لەســلێمانی دابیــن بکرێــت، چونکــە لەماوەکانــی ڕابــردوو شــارەکە دووچــاری مــاڵ وێرانــی و نەهامەتــی زۆر بۆتــەوە ئەمــەش بــە ناڕاســتەوخۆ مەبەســتی مــاوەی دەســەڵاتی تورکــەکان و شــێخ مەحمــود بــووە، بۆیــەش نووســیوویەتی ســلێمانی لــە هەمــوو شــارەکانی تــری عێــراق" چــاوی لــە دســت حکومتــە" وئاتاجــی ئــەم پارەیەبــووە، پێشنیاریشــی کــردووە ئــەم پرۆژانــە بــە نــاوی جەنــەڕاڵ مــۆدەوە بکرێــن تــا " نــاوی کــەورە وباســی مبارکــی... بــەو واســیطەیەوە دائمــا دەوران بــکات" لــەم ڕێگایــەوەش "نــاوی جوانــی مرحــوم جــنرال مــود لنــاو همــو کوردایەتیشــدا ابــدی امینیتــەوە" بەگوێــرەی ڕای ڕۆژنامەکــە ئــەم کارە بــۆ کــورد پێویســترە تــا عەرەبــەکان، چونکــە عەرەبــەکان مۆدیــان

ناسـیووە و دیداریـان لەگەڵـی هەبـووە، بـەڵام جگـە لـە هەندێـك خوێنـدەواری کـوردی " اكثريـان هـر ناويشـيان نەبيسـتوە"(اقتراح "ژيانـەوە" بـو او صـد وپنجـا هـزار روپيـە كـرد كراوەيـە كـە بـە نـاوى مرحـوم جـنرال مـودەوە لـە عراقـدا صرف اكـرى، (ژیانـەوە، ژمـارە (٣١)١٦ تمـوز ١٩٢٥).

ژیانـەوە زۆر بەگرنگـی و گەرمییـەوە هەواڵـی هاتنـی بەرپرسـە بەریتانییـەکانی بۆسـلێمانی بڵاوکردۆتـەوە، یەکێـك لەوانـە (لـورد تومسـن)ی وەزیـری فڕۆکەوانـی بەریتانیـا بـووە، لـە ٢٩ ئەیلولـی١٩٢٤ بـە یـاوەری شـاندێك سـەردانی شـاری سـلێمانیان کـردووە، ژیانـەوە بـە بایەخـەوە هەواڵـی پێشـوازی وبەرپرسـان چیـن و توێـژە جیاوازەکانـی شـارەکەی بـۆ خوێنەرانـی گواسـتۆتەوە، کاتێـك لەبـەر دەرکـی سـەرا "بسروريكـى فـوق العـادە اسـتقبال وبخيـر هاتنيـان كـرد"وە، لەنێویشـیاندا نـاوی سـەرۆك هـۆزە دیارەکانـی پشـدەر و مەنگـوڕ و جـاف نووسـیووە کـە لەمەڕاسـمی پێشـوازیەکەدا ئامـادە بـوون (تشريـف، ژیانـەوە، ژمـارە (٦) ٣ تشرينـی یەکـەم ١٩٢٤) بـەدوور نازانرێـت بڵاوکردنـەوەی نـاوی سـەرۆك هـۆز وپیـاو ماقـوڵان بەمەبەسـت بووبێـت بـۆ نموونـە نـاوی بابەکـر ئاغـای سـەلیم ئاغـا بەدیدەکرێـت کـە " ڕۆژێـك لـە ڕۆژان دژی شـێخ مەحمـود نەوەسـتا"وە، تەنانـەت پەیمانـی بـە شـێخ دابـوو لـە دوای هەمـوو سـەرۆك هۆزەکانـی تـر واز لـە پاڵپشـتی دەهێنێـت وەدەسـتبەرداری دەبێت(مەزهـەر، ٢٠٠١، ٤٨٦ ) (٧).

ژیانـەوە لەهەندێـك بـاردا بەشـێك لەوتارەکانـی بەرپرسـانی بەریتانـی وبەرپرسـانی کـوردی سـلێمانی گواسـتۆتەوە بـۆ خوێنەرانـی کـە بەشـێك لـە ووتـەکان پێـدا هەڵـدان بـوون بەئینگلیـزو سیاسـەتەکانی بـۆ نموونـە بەبۆنـەی دەستنیشـانکردنی ئەحمـەد تۆفیـق بـەگ(٨) بـە موتەسـەڕیفی سـلێمانی لـە٧ ئـاداری ١٩٢٥ لەئاهەنگێکـدا کاپـتن چەپمـەن وتارێکـی بـە زمانـی کـوردی خوێندۆتـەوە تێـدا سـتایشی سیاسـەتی وڵاتەکـەی کـردووە ئومێـدی خواسـتووە لەژێـر سـایەی ئـەوان سـلێمانی لـە سـەر ڕێـگای ڕوونـاك و دروسـت هەنـگاو بهـاوێ، تاڵـی و ناسـۆرییەکانی ڕابردویـان لەبیـر چووبێتـەوە، پـاش وتارەکـەی بـە چەپڵـە ڕێزانـەوە پێشـوازی لێکراوە.(طلبـەی مکتـب سـلیمانی عبدالقـادر، روژی ٧ مـارت ١٩٢٥...، ژیانـەوە، ژمـارە (٢٠) ٩ مـارت ١٩٢٥).

بەبۆنـەی جاڕدانـی یاسـای بنەڕەتـی عێراقـی لـە ٢١ ئـاداری ١٩٢٥، لەکۆڕێکـی جەمـاوەری فـراوان ئەحمـەد بەگـی موتەسـەڕیفی سـلێمانی ستایشـی هەنگاوەکانـی بەریتانیـای بەرامبـەر گەلانـی عێراقـی بـۆ بـرەودان بـە حوکمداریەتێکـی دیموکراسـی کـردووە، ڕاشـیگەیاندووە لەسـایەی "حامـی معظـم كـە حكومـت فخيمـە بريتەنيايـە بـە شرف اسـتقلاليت گيشـتوين، ونـور اسـتقلاليت امـرو بـە شـعلە اداو ادروشـيتەوە"، هێماشـی بـۆ ئـەوە کـردووە یاساکە زامنـی پاراسـتنی مافەکانـی کـوردی تێـدا کـراوە، بۆیـە خەڵکـی سـلێمانی سـوودی زۆری لێوەردەگـرن، سوپاسـی هـەردوو حکومەتـی بەریتانیـا و عێـراق، لەگەڵیشـیدا ئەندامانـی ئەنجوومەنـی دامەزرێنەریشـی کـردووە کـەدوای تێفکریـن وهەموارێکـی تـەواو، دەنگیـان بـە یاسـاکە داوە (روژى٢١ مـارت٩٢٥ كەشـمەبو تصـادف روژى اعـلان دسـتور عرقـى كردبـو ...، ژیانـەوە ژمـارە (٢٢) ٢٦ ئـاداری ١٩٢٥). پێدەچێـت ئـەم پێـدا هەڵدانـەی موتەسـەڕیف بـە یاسـاکە لەسـەر بنەمـای خوێندنەوەیێکـی ورد نەبووبێـت، چونکـە بەسـەرنج ووردبوونـەوە لـە هـەر ١٢٣ مـادەی یاسـای بنەڕەتـی عێراقـی تێبینـی دەکرێـت هیـچ ئاماژەیێـك بـە بوونـی کـورد وەك گەورەتریـن پێکهاتـەی نەتەوەیـی عێـراق دوای عـەرەب نەکـراوە، نـەك ئەوەنـدەش، تەنانـەت بەیـەك دێریـش هێـما بـۆ هیـچ مافێکـی سیاسـی و کەلتـوری و ڕۆشـەنبیری کوردیـش نەکـراوە(٩). دیـدی ئەویـش بـۆ یاسـاکە لـە ڕوانگـەی پیـاوی دەوڵـەت بـووە، بـەم پێودانگـەش بێـت، ئـەم دەربڕینانـە لـە بۆنەیێکـی جەمـاوەری لـە زاری بەرپرسـی یەکەمـی شـارەکە ئاسـایی بـووە.

**٢. هێرش کردنە سەر شێخ مەحمود.**

بـەوورد بوونـەوە لەبەشـێك لـە بابەتەکانـی ڕۆژنامـەی ژیانـەوە تێبینـی ئـەوە دەکرێـت هێرشـی گـەورە کراوەتـە سـەر شـێخ مەحمـود و بەسـەرچاوەیێکی سـەرەکی نەهامەتییەکانـی سـەر کوردیـان زانیـوە، بەمـەش ڕۆژنامەکـە بـە ئاگاییـەوە بووبێـت یـان لـە بـێ ئاگایـی کەوتۆتـە سـەنگەری دوژمنانـی کـوردەوە، ئـەو هەڵوێستەشـیان دەربـارەی شـێخ مەحمـود لەگـەڵ دوژمنانـی کـورد یەکانگیـر بووە(زەنگەنـە،٢٠٠٠،١٦) بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ڕۆژنامەکـە کاری لەسـەرچەند لایەنێـك کـردووە

لەوانـە:

أ- بـاس کردنـی شـێخ مەحمـود بـە زۆر خەسـڵەتی ناشریـن، لەهەندێـك بـاردا سـنور و ئەخلاقییەتـی کاری ڕۆژنامەوانـی تێپەڕکـردووە و هـاوکات دووریـش بـووە لـە وەسـفی کەسـایەتێکی وەك شـێخ مەحمـود کـەوەك سـیمبولێکی نەتەوەیـی لـە دوای جەنگـی یەکـەم دەرکەوتووبـوو، ئـەم هێرشـانەی ڕۆژنامەکـە بـۆ سـەر شـێخ لەکاتێکـدا بـووە ناوبـراو هیـچ دەسـەڵاتێکی بەسـەر شـارەکەوە نەمـاوە، لـە ناوچەکانـی دەوروبـەری سـلێمانی گیرسـاوەتەوە، بـۆ نموونـە عـەلی عیرفـان شـێخی وەك کەسـێکی جـەردەو تاڵانکـەر وێنـا کـردوە (عـلی عرفـان، خیـال پـلاو، ژیانـەوە ژمـارە (١٥) ١٦ شـوبات١٩٢٥) هەروەهـا، لـە وتارێکیـش کـە نـاوی نووسـەرەکەی بـە سـەرەوە نیـە بەنـاوی (حشـمتماب ملکـە دروزنـە) ڕۆژنامەکـە دابەزیووەتـە ئاسـتێکی نـزم لەوەسـفی شـێخ مەحمـود، تەنانـەت داخ بـۆ ئـەو دەخـوات حکومەتـی بەریتانیـا چـۆن سـۆزی نوانـدووە" مجرمیکـی وکـو تـوی لـە هیندسـتانەوە عفـو کـرد " وتۆمـەت باریشـی کـردووە کـە بکـوژ و قـەرزدار و و"دزیـك وحزیـك" ێکـی لـە خـۆی کۆکردۆتـەوە بەنـاوی فیداکارییـەوە سـەرانەیان لـە خەڵکـی وەرگرتـووە، تۆمەتباریشـی کـردووە بـەوەی چەنـد سـەت هـەزار ڕوپییـەی ماڵـی هەژارانـی داوە بەدەسـت وپێوەندەکانـی، لەگـەڵ ئـەوەش لەکاتـی تەنگانـە پشـتیان لـە شـێخ کـردووە، واشـی وێنـای دەسـتە و تاقمەکـەی شـێخ کـردووە بـەوەی بێشـەرم و حەیـان، و عەیـب وعـار نەزانـن، لـە کۆتاییـش نـزای کـردووە خـوداو پێغەمبـەر تۆڵـەی میللەتـی کـوردی هـەژار لەشـێخ بکاتـەوە (حشـمتماب ملکـە دروزنە،ژیانـەوە، ژمـارە(٢١) ١٩ مـارت ١٩٢٥) هەروەهـا، ڕۆژنامەکـە شـێخی وەك کەسـێکی " دزو جردەیکـی عـادی" وە دەسـت وپێوەندەکانیشـی وەك" جـردە بـی حیـا" ناسـاندووە، کـە شـەوانە شـێخ مەحمـود بـۆ تاڵانکردنـی جوتیـارە" قـور بـسرەکان"ی دێهاتەکانـی قـەرەداغ ڕەوانـی کـردون، دوای ئـەوەش بـەرەو ئێـران ڕایـان کـردووە (جـواب بـو کاغـذ شـیخ حمـە غریـب کـە بـو همـو کویخـای دیهـات قرەداغـی نوسـیوە، ژیانـەوە، ژمـارە، (٥٢)١٠ کانوونـی یەکـەم ١٩٢٥).

لەژمـارە پێنجـی ژیانـەوە لەژێـر نـاوی (هوالـی جـردەکان) باسـی لـەوە کـردووە ماوەێـك بـووە شـێخ مەحمـود و جەردەکانـی بەگوێـرەی گوزارشـتی ڕۆژنامەکـە خەریکـی تـاڵان و ڕوتکردنـەوەی خەڵکـی هـەژار و کاروانچـی و جوتیـارن، ڕۆژنامەکـە ئاماژەشـی بـەوە کـردووە دەسـت و پێوەنـدە وتاقمەکـەی شـێخ لەلایـەن حکومەتـەوە دووچـاری لێـدان و زیانـی زۆر بـوون، بۆیـەش" قسـمیکی زوریـان"دوای لێبوردنیـان لەحکومـەت کـردووە، وازیـان لـە کارەکەیـان هێنـاوە و ڕۆژانـەش ئەندامانـی ئـەم تاقمـە داوای لێبـوردن دەکـەن دەسـتبەرداری کاری پێشـوویان دەبـن، ڕۆژنامەکـە ئومێـدی خواسـتووە حکومەتـی عێراقـی لـە ماوەیەکـی زوودا بـە پشـتیوانی خـودا ڕەگ و ڕیشـەیان دەربهێنـێ (هوالـی جـردەکان، ژیانـەوە، ژمـارە (٥) ٢٦ ئەیلـول ١٩٢٤).

جێـگای باسـە ڕۆژنامەکـە لـە بەلاغێکـی فەرمـی شـێخ مەحمـود وهەندێـك لـەو سـەرۆك هۆزانـەی هـاوکاری بـوون لەچوارتـا کـە مەڵبەنـدی قـەزای شـارباژێڕە بـە ئەشـقیا وعاصـی و جـەردە نـاوی بـردون بـە گەرمییـەوە هەواڵـی ڕاوەدونیـان لەلایـەن هێزەکانـی حکومەتـی عێراقییـەوە بڵاوکردۆتـەوە، بەگوێـرەی زانیـاری بەلاغەکـە لـە ڕووبەڕووبونەوەکانـی نێوانیـان لـە ٢٥ حوزیرانـی ١٩٢٥ تەنیـا سـێ سـەرباز کـوژراون (بلیـغ رسـمی، ژیانـەوە، ژمـارە(٢٩) ١ تمـوز ١٩٢٥) هەروەهـا (هـوز حسـن مـولان) کـە پێدەچێـت ناوێکـی خـوازراو بێـت، لەنووسـینێکدا ویسـتوویەتی لـە پایـەی شـێخ مەحمـود کـەم بکاتـەوە، هاوتەریـب وێنەیەکـی ناشرینـی مـاوەی دەسـەڵاتی تورکـەکان لـە کوردسـتان، لەگـەڵ سـتایش کردنـی ئینگلیـزەکان بگوازێتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەقـی گفتوگۆیەکـی نێـوان دوو پیـاوی شـێخ مەحمـود لەچیاکانـی هەورەمانـەوە ڕێکخسـتووە، لـەم گفتوگـۆدا شـێخ وەك کەسـایەتێکی فێلبـاز و خۆزیـن لەسـەر حسـابی لایەنگیرانـی بەنـاوی کوردایەتییـەوە وێنـا کـراوە، لایەنگـران و شـوێن کەوتوانیشـی لەچیـا بـە" کـەر وکا" وەسـف کـردووە، لەکۆتایشـدا یەکێـك لـە پیـاوەکان خۆزگـەی خواسـتووە لەدەسـت شـێخ مەحمـود و تـورك ڕزگاریـان بێـت (هـوز حسـن مـولان، گفتوگویکـی دو پیـاوی شـیخ محمـود... ژیانـەوە، ژمـارە(٣٦) ٢٠ ئـاب ١٩٢٥).

ب- ژیانـەوە بـە تەنیـا کاری لەسـەر لەکـەدار کـردن وناشریـن کردنـی شـێخ مەحمـود نەکـردووە، بەڵکـو کەسـە نزیکەکانیشـی

ڕزگاریان نەبووە لەو هەڵمەتەی ڕۆژنامەکە دەستی دابوویە، یەکێك لەم کەسایەتیانە فتاح بەگە(١٠) لە وتارێکی عەلی عیرفان دەردەکەوێ ناوبراو هێشتا بۆشی یەکلا نەبۆتەوە ئەو فتاح بەگەی یاوەری جەواد بەگی کردووە وەك نوێنەری شاندی تورکی بۆ گفتوگۆیەکانی تایبەت بەچارەنووسی ولایەتەکە کاتێك سەردانی بەغدایان کردووە ئایا برای ژنەکەی شێخ مەحمودە یاخود کەسێکی ترە، بەڵام زۆر بەتوندی هێرشی کردۆتە سەری ئاماژە بەوە کردووە ناوبراو ئەفسەرێك بووە خوێندنی لە دەوڵەتی عوسمانی تەواو کردووە بۆیەش تورکەکان متمانەیان پێکردووە لە دەمی گەڕانەوەی بۆ کوردستان لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی نەك هاوکاری خەڵکی کوردستان نەبووە بەگوێرەی زانیاری عیرفان ڕۆژانە بیست تفەنگ کەمتری نەفرۆشتووە، خۆی دەوڵەمەند کردووە، هەر ئەویش شێخ مەحمودی هاندابوو سەربازانی بەریتانی لە سلێمانی "روت " بکاتەوە، ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە بەزەیی بە تورکەکان هاتۆتەوە لە سەر ئەوەی فتاح بەگیان کردۆتە ئەندامی شاندنی تورك، چونکە هیچ هەژموونێکی لەناو سلێمانی نییە، بەگوێرەی ڕای ئەویش لەو ئاستەش نەبووە، بتوانێت خەڵکی ڕازی بکات کاری سەرەکی " امالی خبیثە شیخ محمود" بهێنێتە دی، ڕاشی گەیاندبوو هەرکاتێك فەتاح بەگ بێتە سلێمانی بە چاوێکی" حقیر و بە خائن ملت تماشا اکین" ئەوەی لە دەستیشان بێت لە سووکایەتی پێدەکەن (علی عرفان،خیال پلاو، ژیانەوە، ژمارە (١٥) ١٦ شوبات ١٩٢٥) لە لایەنی خۆییەوە ئیدمۆندس هێمای بۆ ئەوە کردووە خەڵکی سلێمانی وەك ناپاکێك سەیری فەتاح بەگیان کردووە، ئینگلیزەکانیش زانیوویانە لە دەمی هاتنی بۆ شاری سلێمانی کۆمەڵێك لاوی نەتەوەپەروەر لە ئامادەباشی دەبن بۆ ئەوەی تەنیا " ئەو سزا بدەن" نەك هەموو ئەندامانی شاندی تورك، بۆیە لەکاتی هاتنیان بۆ سلێمانی فەتاح بەگ ئاگاداری خۆی بووە لەگەڵ نازمی هاوکاری ترساون حاڵەتێکی نەخوازراو ڕووبدات لەبەر ئەوە لە ماوەی مانەوەیان لە شار " هەرگیز هەوڵی چوونیان بۆ ناو شار نەدا" و تێکەڵی خەڵکی و بازاڕییان نەکردووە (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٤٩٩ - ٥٠٠) هەروەك ئەندامێکی شاندە(ی. اف . فیرسین) پشتڕاستی ئەم زانیارییەی کردۆتەوە کە بەگشتی شاندی تورکی نەیانوێراوە بە تەنیا بچنە دەرەوە و بەردەوام لەگەڵیان بوون لەکاتی سەردانەکان و لێیان دانەبڕاون (فتح اللە، ٢٠٠٢، ٣٥٩).

ڕۆژنامەکە شێخ وەدەست وپێوەندەکانی بەوە تۆمەتبار کردووە شەوانە هەڵدەکوتنە سەر جوتیارە هەژارەکانی دێهاتەکانی قەرەداغ پارەیان لێسەندون، پارەکەی بە " حەرام" ناوبردووە، بەسەرسوڕمانەوە پرسیوویەتی لە چ زەمەنێك شێخان بە تایبەتی شێخ حەمەغریب (کە ژن برای شێخ مەحمود بووە) (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ٤٢١) خاوەن سێ ملیۆن لیرە بووە (جواب بو کاغذ شیخ حمە غریب کە بو همو کویخای دیهات قرەداغی نوسیوە، ژیانەوە، ژمارە، (٥٢) ١٠ کانوونی یەکەم ١٩٢٥) هەروەها ژیانەوە وەك چەتەیێکی هاوکاری شێخ مەحمود، هێمای بۆ کەریم بەگی فتاح بەگی هەمەوەندیش (١١) کردووە، بەگوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامەکە ناوبراو خۆی لە کونە شاخەکانی دەوروبەری چوارتا حەشار داوە (بلیغ رسمی، ژیانەوە، ژمارە (٢٩)، ١ تەمووز ١٩٢٥).

**٣. جەختکردنەوە لەسەر عێراقێتی ولایەتی موسڵ**

یەکێك لەو سیما دیارانەی ڕۆژنامەی ژیانەوەی پێناسراوەتەوە وەبەڕوونی لەسەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەکە تێبینی دەکرێت بابەتی جەختکردنەوەیە لەسەر عێراقی بوونی ولایەتی موسڵ، لەگەڵ پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی هەردوو حکومەتی بەریتانی وعێراقییە بۆلکاندنی ولایەتەکە بەعێراق، وەستانەوە بووە بەڕووی خواستی حکومەتی تورکی لەم پرسە، بۆیەش هەر لەسەرەتای هاتنی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان بۆ عێراق، ژیانەوە بەدوا داچوونی بۆ کاری لێژنەکە کردووە هەرچەندە پێناچێت بەرچاو ڕوونێکی ئەوتۆی لەسەر ستراتیژ و ئاڕاستە و بەرنامەی کاری لێژنەکە هەبووبێت، بەڵام ستایشی لێژنەکەی کردوە و گومانی لە دەست پاکی و یزدان و حەق پارێزیان نەبووە، دەستەواژەکانی وەك کارەکانی لێژنەکە"جیی شبهە نیە"(لم روژانەدا خبر زانرا کە عصبة الامم هیأتیکی ناردوە بو عراق...ژیانەوە،ژمارە(١٦)١٩ شوبات، ١٩٢٥) و ئەندامانی

لێژنەکــە" لــە اشــخاص محترمــن" و لێژنەکــە بەڵێنــی داوە" عادلانــە تماشــای" یاداشــتەکەی جەمعیەتــی مدافعــەی وەتــەن لــە موسـڵ بکـەن، پشتڕاسـتی بۆچوونەکەمـان دەکـەن، بـەڕای ڕەشـید نەجیـب(١٢) ئەندامانـی لێژنەکـە لەهەمـوو کـەس زیاتـر شـارەزای مێـژوو، جوگرافیـا، ئابـوری و سیاسـی هەمـوو قەومێکـن "صاحـب و جدانیشـن"(علی عرفـان، فـرق ایسـتا و اوسـامان، ژیانــەوە، ژمــارە،(١٨) ٢٦شــوبات 1925).

ڕۆژنامــەی ژیانــەوە بەریگارێکــی سەرســەختی گێڕانــەوەی ولایــەتی موسـڵ بــووە بۆســەر عێــڕاق، بەشـێکی زۆری ئـەم نووسـین و هـەواڵ و بەیاننامـەی بـڵاوی کردونەتـەوە کوردیـان وەك دڵسـۆزێکی یەکپارچەیـی خاکـی عێـڕاق زانیـووە، تەنانـەت سوپاسـی خـودای گـەورەش کـراوە لەسـەر ئەوەی"کوردیکـی عراقیــن " .ژیانــەوە بایەخـــەوە لەلاپــەڕەی یەکەمــی ژمــارە (١٦) پەیـڕەوی (جمعیـەت مدافعـە وطـن لـە سـلیمانی) بـڵاوی کردۆتــەوە، ئەندامانــی جەمعیەتەکــە خۆیــان وەك کوردێکــی عێڕاقـی ناسـاندوە (لم روژانـەدا خـبر زانـرا کـە عصبـة الامـم هیأتیـکی نـاردوە بـو عـراق...، ژیانەوە،ژمـارە (١٦)١٩ شـوبات، ١٩٢٥) تەنانـەت هەسـت و سـۆزی عێڕاقـی بـوون بەجۆرێـك بەسـەر ئـەو دەسـتەبژێرەی زۆرتریـن نووسـینیان لەسـەر ئـەم پرسـە لـە ڕۆژنامەکـە بڵاوکردۆتـەوە زاڵ بـووە، کەسـێکی وەك عەلـی عیرفـان دوای بـەراورد کردنـی دۆخـی کـورد لەسـەردەمی عوسـمانی و بەریتانـی بەنـاوی هەمـوو گەلەکەیـەوە بنووسـێت، کـورد پەیوەسـتێکی تـەواوی بەعێڕاقـەوە هەیـە، لـەوەش زیاتـر ڕەت بـدات وبڵێـت: "بـی عـراق ناژیـن" (عـلی عرفـان، فـرق ایسـتا و اوسـامان، ژیانــەوە، ژمــارە (١٨)٢٦ شــوبات ١٩٢٥) جیـا لــەوە ژیانــەوە سـڵی نەکردۆتــەوە لەگواسـتنەوەی ئـەم هەواڵانـەش کـە لەڕۆژنامـە عەرەبییـەکان دەربـارەی عەرەبییەتـی موسـڵ بــووە بڵاوکراونەتــەوە، بــۆ نموونــە لــە ڕۆژنامـــەی (المفیـد) دەگوازێتــەوە کاتـی کۆبوونـەوەی دانیشـتوانی موسـڵ بــۆ پێشــوازی لــە لێژنەکــەی کۆمەڵــەی گــەلان لەکۆبونەوەکــە وتــراوە: " ایمــە عربیــن وعیراقـی حیـات و مماتمـان مربوطـی وطنەکمانــە.. بــژی عــراق"، هەروەهــا جەختیــش لــەوە کراوەتــەوە تەنانــەت منداڵێکیـش درکـی بـەم ڕاسـتییە کـردووە دانیشــتوانی موسـڵ لەڕەگــەزی عەرەبــن (لەغزتــەی المفیــدا لەبابــت بعــضی احــوالات اخیره...،ژیانــەوە، ژمــارە(١٨)،٢٦ شــوبات ١٩٢٥)، هەروەهــا وتەیێکــی شــا فەیســەڵی یەکەمــی لەئاژانســی ڕۆیتــەرەوە گواسـتۆتەوە ئامــاژەی بــەوە کــردووە هەرچەنــدە جیابوونــەوەی دابڕینــی ولایەتەکــە کۆتایــی بــە عێــراق ناهێنــێ بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا" ضربەیکــی زور مؤلمـە بـو عـراق" (رویتر،جلالـت مللـك فیصـل وملاقـاتی لـەکل غزتەچیــەکان، ژیانــەوە، ژمارە(٤٦)،٢٩تشرینــی یەکــەم١٩٢٥). تێبینیـش دەکرێـت لەهەندێـك بـاردا ژیانـەوە ئـەو مافـەی بـە خـۆی داوە لەبـری عەرەبەکانـی عێڕاقیـش قسـە بـکات، ڕەشـید نەجیــب لەوتارێکــدا بەنــاوی (ولایــت موصــل) ئەگەرچــی دانــی بــەوە دانــاوە زۆرینــەی دانیشــتوانی ولایەتەکــە لەهــەر دوو پێکهاتــەی کــورد و عەرەبــن، بــەڵام دەنووســێ عەرەبەکانــی ولایەتــی موســڵ:" لەعــراق زیاتــر هیــچ شــتیکی تریــان نــاوی" ســەبارەت بەکوردیــش جەخــت لــەوە دەکاتــەوە دەکات هیــچ کوردێکیــش نایــەوێ بچێتــەوە ژێــر دەســتی تــورك، چونکــە لــەو حاڵەتــدا نــەك سەروەت،ســامان، ئابــوری و بازرگانــی بەڵکــو "نامـوس ملـی موجودیـت قومیەمـان اکویتـە تهلکـەوە و دەفوتــی" (رشــید نجیــب، ولایــت موصــل، ژیانــەوە، ژمــارە (١٨)، ٢٦ شــوبات١٩٢٥) هەمــان نووســەر لــە هەمــان ژمــارە لـە وتارێکـدا بـە نـاوی (تورك-کـورد) جەختـی لـەوە کردۆتـەوە لەگــەڵ بــرا عەرەبــەکان لــە عێــڕاق دەســت لــە دەســتن، تــا دوا هەناســەش بەرگــری لەســەربەخۆیی و ئازادییــان دەکــەن و نایەنــەوێ جارێکــی تــر بکەونــەوە ژێــر دەســەڵاتی تورك(رشــید نجیــب، تورك-کــورد، ژیانەوە،ژمــارە(١٨)،٢٦ شـوبات ١٩٢٥) داواش لــە لێژنەکــەی کۆمەڵــەی گــەلان کــراوە کــە لــە دیــدی ئــەوان "حامــی بشریــت واقــوام مظلومە"یــە داوکاری کــورد لەبــەر چــاو بگــرێ، ولایتەکــە نەخاتــەوە ســەر تورکیـا، بەگوێـرەی گوزارشـتی م . نـوری "رانیکـی مـر تسـلیم بەشـوانیکی کـورك نکاتـەوە" (م . نـوری، تـورك وکـورد – گـورك ومــر، ژیانــەوە، ژمــارە (١٩)٢مــارت، ١٩٢٥).

ژیانـەوە لـە زاری بەرپرسـێکی بەریتانیـاوە مەترسـی گەڕانـەوەی تورکــی بــۆ " شــمالی عــراق" نەشـاردۆتەوە و ڕایگەیانــدووە بــە گەڕانەوەیــان ژیــان لــە ناوچەکــە " اکویتــە تهلکــەوە"(رای اول برکهیــد لــە بابــت موصلــەوە، ژیانــەوە، ژمــارە(٤١) ٢٤ ایلول١٩٢٥)،هەروەهــا، ژیانــەوە هۆنراوەیێکــی (فــەوزی)ی ناوێکــی بڵاوکردۆتــەوە کــە لەهەســتێکی تــەواو عێڕاقیانــەوە

هەڵقــوڵاوە، تێــدا عێــڕاق وەك ســەرچاوەی خۆشــگوزەرانی وەدیهێنانــی هیــوا و ئاواتــەکان گوزارشــتی لێکــراوە وەك لــە بەشــێکیدا دەڵــێ:

بــو ژیــن اکریــم خلقــە ژیانــم لــە عراقــە
بــی بــردە الیــم امــن و امانــم لــە عراقــە
بغدایــە لەبــو وگنــە بــاب مــرادە
جی صرف خوریو توتونەکانم لە عراقە"

(فــوزی، بــو ژیــن اکریــم خلقــە ژیانــم لــە عراقــە، ژیانــەوە، ژمــارە (٩١) ٢ مــارت، ٥٢٩١).

لەدەمــی هاتنــی لێژنەکــەی کۆمەڵــەی گــەلان بــۆ ســلێمانی لــە ٢٧ شــوباتی ١٩٢٥، وا دەردەکەوێــت هەســتێکی ناڕەزایــی زۆر بەرامبــەر تورکــەکان بوونــی هەبــووە، تەنانــەت ســەرۆکی شــاندەکە هێــمای بــەوە کــردووە دوای گەیشــتنیان بەشــارەکە بەماوەیەکــی کــورت نامەیەکــی لەخەڵکەکــەی بــۆ هاتــووە داوایــان کــردووە ڕێگایــان بــدەن ئەندامــی تورکــی نــاو شــاندەکە بکــوژن، ئەمــەش پێچەوانــەی بانگەشــەکانی جــەواد پادشــای ســەرۆکی شــاندی تورکــی بــووە کــە جەختــی لەســەر لایەنگیــری خەڵکــی ســلێمانی بــۆ تورکــەکان کردبــۆوە (فتــح اللــە،٢٠٠٢، ٣٥٩) بەگوێــرەی هەواڵێکــی ژیانــەوە دوای پرســیار کــردن لــە چیــن وتوێــژە جیاوازەکانــی شــار لێژنەکــە بــۆی ڕوون بۆتــەوە لەنــاو لیــوای ســلێمانی کەســێك نییــە لەگــەڵ گەڕانــەوەی دەســەڵاتی تــورك بێــت، بــە پێچەوانــەش دانیشــتوانی شــارەکە" مربوطیتــی عراقیــان پــی خوشــە" (داخلی،ژیانــەوە، ژمــارە (١٩) ٢ مــارت، ١٩٢٥) بــە گوتــەی ئیدمۆنــدس کــە لــە ســەرۆکی لێژنەکــەی بیســتۆتەوە جــەواد پاشــا دووچــاری سەرســوڕمانی زۆربــووە لــەوەی دۆخــی ســلێمانی پێچەوانــەی پێشــبینەکانی تورکــەکان بــووە، بۆیــەش ئــەو گومانــەی لا دروســت بــووە کــە خەڵکــی شــارەکەیان " ترســاندووە" یاخــود" کڕیوانــن" بــەڵام بــەلای ئیدمۆنــدس دەکرێــت یــەك دووکــەس لــە شــارێك بکڕێــن، بــەڵام ناچێتــە عەقڵــەوە دانیشــتوانی شــارێك بکڕدرێــن (ئیدمۆنــدس، ٢٠٠٤، ٥٠٣)، دەربــارەی هەســتی کوردایەتیــش لــە شــارەکە مەکــداول ئەگــەر چــی دان بــەوەدا دەنێــت ســلێمانی لەوکاتــەدا "هێشــتا بنکــەی هەســتی نەتەوایەتــی" بــووە بــەڵام نەیشــاردۆتەوە جگــە لــە شــێخ مەحمــود "ئیــدی بــاس لــە مەســەلەی کــورد ناکــرێ" (مەکــداول،٢٠٠٥، ٢٨٥).

لەلایەکــی تریشــەوە ژیانــەوە دوای لەبازرگانــەکان کــردوە لەبــری ناردنــی منداڵەکانیــان بــۆ دەرەوە بــۆ خوێنــدن بیانبــەن بــۆ بەغــدا کــە لە"بــن دەســمانەوە مرکــز علــم و معرفە"یــە بەگوێــرەی زانیــاری نووســەری وتــار، بەغــدا" انــواع مکتبــی تیایــە" ڕاشــی گەیانــدووە دوای تــەواو کردنــی خوێنــدن بــە مێشــکێکی پــڕ لــە مەعریفــە و زانیــاری دەگەڕێنــەوە زێــدی خۆیــان (ك، بــو هاوولاتییــە محترمــەکان، ژیانــەوە، ژمــارە(٣٨) ٣ ایلــول ١٩٢٥) لەوانەیــە یــەك لەهۆکارەکانــی ئــەم هاندانــە بــۆ ڕووکردنــە بەغــدا نزیکــی بێــت لەشــارەکانی کوردســتانەوە، بەبــەراورد بــە ئەســتەمبۆڵ، کــە وەك ناوەندێکــی زانســتی بــووە، بەشــێکی دەســتەبژێری خوێنــدەواری کۆمەڵــگای کــوردی ســەرەتاکانی ســەدەی بیســتەم دەرچــووی قوتابخانــە و کۆلیژەکانــی ئــەو شــارەبوون، بــە دووریــش نازانرێــت مەبەســتی نووســەر ئــەوە بووبێــت باوکانــی کــورد هانبــدات منداڵەکانیــان نەنێــرن بــۆ ئەســتەمبۆڵ، چونکــە لــەو کاتــدا منداڵــی دەســت ڕۆیشــتووەکان بــۆ تــەواو کردنــی قۆناغەکانــی خوێنــدن زیاتــر ڕوویــان لــەو ناوەنــدە کــردووە، جیــا لــەوەش هەوڵــدراوە ئــەم ئاراستە عێراقییــە لــە پڕۆگرامەکانــی خوێندنــی ســەرەتاییش ڕەنگبداتــەوە، ئەوەتــا لــە کۆبونــەوەی ئەنجومەنــی مەعاریفــی ســلێمانی لــە١٢ تشرینــی دووەمــی ١٩٢٥، کۆمەڵێــك بڕیــار وراســپاردە لــە بــارەی کەرتــی پــەروەردە لــە شــارەکە دەرکــراوە لــە خاڵــی دووەم هانــی چاپکردنــی کتێــب بــە کــوردی و وەرگێڕانــی پاشــماوەی زانایانــی کــوردی بــۆ زمانــی کــوردی بــە پێویســت زانــراوە، بەتایبەتــی ســەربردەی ژیانــی پیاوانــی ئیســلام لــە نێویشــیاندا جەخــت لــەو زانــا و پیــاوە ناودارانــە کراوەتــەوە کــە " تعلقیــان بــە عراقەوەیە"(صــورت قــرار انجمــن معــارف ســلیمانی، ژیانــەوە، ژمــارە(٥٠) ٢٦ تشرینــی دووەم ١٩٢٥).

لەهەندێــك بــاردا ژیانــەوە لەپێنــاو تۆخکردنــەوەی گیانــی عیراقچییەتــی هەواڵــی وای بڵاوکردۆتــەوە کــە ناکــۆك و دژە لەگــەڵ ڕاســتی مێژوویــی، ڕۆژنامەکــە گوێــی پێنــەداوە، بــۆ نموونــە لــە هەواڵێکــدا ئامــاژەی بــە ســەردانی مەندوبــی ســامی بەریتانــی هێــنری دۆبــس لــە ٧ شــوباتی ١٩٢٥ بــۆ موســڵ کــردووە لــە کۆبونەوەیێــك بــە ئامادەبونــی توێــژە جیــاوازە کۆمەڵایەتییەکانــی شــارەکە، جەختــی لەوەکردۆتــەوە

لــە دیــدی ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان، موســڵ و ناحیەکانــی دەوروبــەری "عــرب وعراقیــن" دۆبــس لەکاتــی گفتوگۆیێکــی پێنــج کاتژمێــری لەنــاو ئەنجوومــەنی ناوبــراو، تێگەیشــتووە ئەنجوومەن"هیــچ شــبهەیکی نماوە کــە موصــل عربــن" (لــە العــالم العربیــەوە...، ژیانــەوە، ژمــارە (١٨)،٢٦ شــوبات١٩٢٥) لەڕاســتیدا جیــا لەســەنتەری شــارەکە قــەزا و ناحیەکانــی دەوربــەری موســڵیش ژمارەیێکــی زۆری کــوردی تێــدا نیشــتەجێبووە، هــەر لەبــەر ئــەوە بــووە بــەر لەســپاردنی بــە کۆمەڵــەی گــەلان و لەیــەکلا بونــەوەی پــرسی موســڵ، تورکــەکان پێشــنیاری ئەنجامــی ڕاپرســێکیان لــە ولایەتەکــە کردبــوو، بــەڵام بەریتانییــەکان نەیانوویســتووە ڕاپرســیەکە بکــرێ، چونکــە زانیویانــە کــورد زۆرینــەی دانیشــتوانی ولایەتەکــە پێکدەهێنێــت ئەوکاتیــش دەرئەنجامەکــەی بەدڵــی ئــەوان نابێــت، چونکــە مەبەســتیان بــووە ولایــەتی موســڵ بــە عێــراق بلکێنن(گــوران،٢٦،٢٠٠٦ ).

ژیانــەوە هیوایێکــی زۆری لەســەر بەریتانییــەکان هەڵچنیــوە بــۆ گێڕانــەوەی ولایەتــی موســڵ بــۆ ســەر عێــراق، لــەم لایەنــەوە ڕۆژنامەکــە بایەخــی بــە بڵاوکردنــەوەی لێدوانــی بەرپرســە باڵاکانــی بەریتانیــا داوە، بــۆ نموونــە لەســەر زاری وەزیــری داگیرگــەکان (ئیمــری دوی شــو) گوازراوەتــەوە، موسڵ دەوڵەمەنتریــن ناوچــەی عێراقــە و بەریتانیــاش دەست بــەرداری ولایەتەکــە نابێــت، چونکــە بەڵێنیــان بەگەلــی عێــراق داوە جارێکــی دیکــە نایانخەنــەوە ژێــر کارگێــڕی تــورك (رویــتر، تصریحــات مهمــەی وزیــر مســتعمرات دائــر بەموصــل، ژیانــەوە، ژمــارە (٥٠)٢٦ تشرینــی دووەم ١٩٢٥)هەروەهــا، مەندوبــی ســامی بەریتانــی جەختــی لــەوە کردۆتــەوە حکومەتــی وڵاتەکــەی" قــرارو عزمــی قطعــی کــردوە" کــە دەبێــت کوردســتانی باشــور لەچوارچێــوەی دەوڵەتــی عێــراق بمێنێتــەوە (هــنری دوبــس، بــو شــیخ محمــود، ژیانەوە،ژمــارە (٥٣) ١٧ کانوونــی یەکــەم ١٩٢٥) نوســەرێکی ژیانــەوە بەنــاوی (روانــدزی) لــە نووســینێکدا لــە شــاری موســڵەوە هەمــوو لایێکــی دڵنیــا کردۆتــەوە لــەوەی کۆمەڵــەی گەلانیــش بــەوە ڕازی نابێــت جارێکــی تــر کــورد بکەوێتــەوە ژێــر دەســەڵاتی تورکــەکان (روانــدزی، کــورد وتــورك، ژیانــەوە، ژمــارە(٤٢) ١ تشرینــی یەکــەم ١٩٢٥) جیــا لــەوەش ژیانــەوە لــە هەندێــك

بــاردا پێشــی ڕوداوەکانیــش کەوتــووە لــە گواســتنەوەی ئــەو هەواڵــەی بــاس لــە پابەنــد نەبوونــی تورکــەکان بەبڕیــاری لیژنــەی کۆمەڵــەی گــەلان لەداهاتــوو دەکەنــەوە، بۆنموونــە هەواڵێکــی لەڕۆژنامــەی (العــالم العربــی)ەوە گواســتۆتەوە تێــدا مەترســی پابەنــد نەبوونــی تورکــەکان بەبڕیارەکانــی لێژنــەی کۆمەڵــەی گــەلان نەشــاردراوەتەوە چونکــە " لــە ایســتەوە ســوو نیتیــان درکــوت"، بــە بەڵگــەی ئــەوەی لــە هەواڵــی ڕۆژنامــە تورکییــەکان لێدوانــی کار بەدەســتانیان وا دەردەکــەوێ وڵاتەکەیــان هەرگیــز ڕازی نابێــت بەبڕیارەکانــی لێژنەکــە، جیــا لــەوەش لەســەر ســنوور ســوپایێکی زۆریــان " تحشــید کــردوە" کــە خــۆی لــە٦٠-٧٠ هــەزار ســەرباز داوە، بــەڵام هێماشــی بــەوە کــردوە هــەردوو لایەنــی عێراقــی و بەریتانیــش لــەم وڵاتانــە نیــن دەســتبەرداری مافەکانــی خۆیــان بــن، چونکــە بــەلای ڕۆژنامەکــەوە موســڵ مایــەی" حیــات و مــمات عراقــە" بــۆ بەریتانییەکانیــش" شــەرف و نامــوس" حکومەتەکەیانــە، جەختیــش لــەوە کراوەتــەوە بەریتانیــا لــە تــورك ناترســێ و سیاســەتی ئــەم وڵاتــەش بــە هەڵبــەز و دابــەز و پلانەکانــی کەمالیــەکان ناشــکێ (لــە العــالم العربیەوە...،ژیانــەوە، ژمــارە (٢٧) ٢٨ مایــس ١٩٢٥).

بەبــۆی یەکلابونــەوەی چارەنوســی و یلایەتەکــە و لکاندنــی بەعێــراق ژیانــەوە تــەواوی لاپەڕەکانــی ژمــارە ٥٤ بــۆ گواســتنەوەی هەواڵــی ئــەو ئاهەنگــە تەرخــان کــردووە کــە لــە ١٩ کانوونــی یەکەمــی ١٩٢٥ لەلایــەن موتەســەڕیفییەتی شــارەکە لەبــەر دەرکــی ســەرای ســلێمانی بەئامادەبونــی جەماوەرێکــی زۆر و بەرپرســە بەریتانــی وعێراقییــەکان ســاز کــراوە (بــە مناســبة قــرار حــلی عصبــة الامــم احتفــال، ژیانــەوە، ژمارە(٥٤) ٢٤کانونــی یەکــەم ١٩٢٥) لەکۆتــا ژمارەشــی هەواڵــی ئاهەنگــی دانیشــتوانی هەڵەبجــەی بەهەمــان بۆنــەوە بڵاوکردۆتــەوە کــە لــە ١٨ کانونــی یەکەمــی ١٩٢٥ لــە حەوشــەی ســەرای شــارەکە بــە ئامادەبوونــی بەرپرســانی شــارەکە و چیــن و توێــژە جیــاوازەکان و کاپــتن (مــور) ئەفســەری ئیرتیباتــی بەریتانــی لــە شــارەکە ســاز کــراوە (خــبرات هلبجە،ژیانــەوە، ژمــارە (٥٦)١٤کانونــی دووەم ١٩٢٦).

لەکۆتاییــدا پێویســتە ئامــاژە بــەوە بکەیــن ئــەم هەڵوێســتەی بەشــێك لــە دەســتەبژێری کــوردی لــە پاڵپشــتی حکومەتەکانــی

بەریتانـی و عێراقـی لەپرسـی موسـڵ، بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، بەشـێکیان دەسـتە بەرکردنـی مافەکانـی کـورد و بەرژەوەندیەکانـی گەلـی کوردیـان لـەوەدا دۆزیوەتـەوە ولایەتـی موسـڵ بخرێتـە سـەر عێـراق، واشـی بۆچـوون تەنیـا لەژێـر سەرپەرشـتی بەریتانییـەکان مافەکانیـان زامنـتر دەبێـت، ئەمـەش ئـەوە ناگەێنێـت ئـەوان پیـاوی ئینگلیـز بـوو بـن بـۆ نموونـە هەریـەك لـە ڕەشـید جـەودەت و مەحمـود جـەودەت، بەتایبەتـی ئـەوە دواییـان نووسـینی لـە ژیانـەوە هەبـووە، تـا پێـش ماوەیێکـی کـەم لـە دەرچوونـی ڕۆژنامەکـە شانبەشـانی شـێخ مەحمـود چەکیـان بـەڕووی ئینگلیـزەکان هەڵگرتووە،لەلایێکـی دیکـە بـەدوور نازانرێـت پاڵنـەری کەسـێتیش لایێکـتری ئـەم سیاسـەتە بووبێـت بـۆ نموونـە کەسـێکی وەك عەلـی عیرفـان کـە پشـکێکی گـەورەی هەبـووە لەنووسـین لەمـەڕ پرسـی موسـڵ لـە ڕۆژنامـەی ژیانـەوە، بـرای جەمـال عیرفـان بـووە بـە کوژرانـی براکـەی" کۆسـتی کەوتبوو"(زەنگەنـە،١٤،٢٠٠٠ -٣٧) بـە وتـەی ئیدمۆنـدس "بـە هـۆی ڕەخنـەی لـە شـێوازی کاری شـێخ مەحمـوود" لەنـاو سـلێمانی غافڵکوژکـراوە (ئیدمۆنـدس، ٢٠٠٤، ٣٧٠ ) جیـا لـەم دوو هۆکـەرە کـەم وکوڕییەکانـی مـاوەی دەسـەڵاتی شـێخ مەحمـود لەبوونـی گەندەڵـی و هێنانـەوە پێشـەوەی خـزم ونزیکەکانـی شـێخ لـە پۆسـتە کارگێڕییـەکان، بەبارێکـی تـر دژایەتـی کردنـی بەشـێك لـە خوێندەوارانـی شـارەکە لەلایـەن دەسـت و پێوەندەکانـی شـێخەوە هۆکارێکـی تـری ئـەم هەڵوێسـتەیان بـووە، ئەمـە و سـەرباری تێبینیـە زۆرییەکانـی کـوردەکان لەبەرامبـەر سیاسـەتەکانی عوسـمانی و دواتـر ئیتحادییـەکان لـە بەڕێوەبردنـی ناوچـە کوردییـەکان، لەکۆتایـش سیاسـەتی خراپـی کەمالییـەکان بەرامبـەر بەکـورد، کـە ژیانـەوە بـەو پـەڕی گرنگییـەوە کاری لەسـەر کـردووە، هەمـوو ئـەم هۆکارانـە بەسـەر یەکـەوە، ئەودەسـتە بژێـرەی هێنابێتـە سـەر ئـەو ڕاییـەی دووبـارە بوونـەوەی هـەر ئەزموونێکـی تـری حوکمڕانـی تورکـەکان لـە ولایەتەکـە یەکسـانە بـە کارەسـات مـاڵ و یرانـی و دواکەوتـن. بـەڵام بـە تێپەڕبوونـی کات گەیشـتنە ئـەو بڕوایـەی کـە سیاسـەت و ڕوانینـی بەریتانییـەکان لەچوارچێـوەی بەرژوەندییەکانیـان دەرناچێـت بۆیـە هیـوای هەنـگاوی باشـیان بەئاڕاسـتەی پرسـی کـوردی لـێ چـاوەڕوان ناکرێـت، دووچـاری نائومێـدی دەبـن بەشـێکیان دەسـتبەرداری کاری ڕۆژنامەنووسـی وە لەگەڵیشـیدا لـە کایـە سیاسـیەکەش دوور دەکەونـەوە، بەشـێکی دیکەشـیان بـەلای شـێخ مەحمـود شـکاونەتەوە (زەنگەنـە، ٢٠٠٠، ١٦ ).

**٤. وەستانەوە دژی خواستەکانی تورکیا.**

دوای ڕاسـپاردنی کۆمەڵـەی گـەلان ڕۆژنامـەی ژیانـەوە بەتونـدی ڕووبـەڕوی خواسـتی تورکـەکان بۆتـەوە لـە گێڕانـەوەی ولایەتەکـە بـۆ سـەر دەوڵەتـی تورکیـای نـوێ، تەنیـا گـوزەر کردنێـك بـە ناونیشـانی بەشـێك لـە وتارەکانـی ڕۆژنامەکـە ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ دووپـات دەکاتـەوە (١٣).

بـۆ ئـەم مەبەسـتەش کارگێـڕان ونووسـەرانی کاریـان لەسـەر چەنـد لایەنێـك کـردوە لەوانـە:

**ئـ: کارکـردن بـۆ نیشـاندانی لایەنـە خراپەکانـی حوکمڕانـی تـورك.**

بـۆ وەسـتانەوە دژی خواسـتەکانی تورکـی لەپرسـی موسـڵ یەکەمیـن لایـەن ژیانـەوە کاری لەسـەر کـردووە نیشـاندانی تـورك بـووە وەك سـەرچاوە و هـۆکاری دواکەوتنـی کـورد، جەختیـش لـەوە کراوەتـەوە بەهیـچ جۆرێکیـش دام ودەزگای بـاڵا و پڕۆژەیێکـی پیشەسـازی بـۆ کـورد دانەمەزرانـدوە، ئەمـەو سـەرباری پێشـنەکەوتنی کەرتـی کشـتوکاڵ، لـەوەش زیاتـر ڕەشـید نەجیـب وای بۆچـووە تـورك هـۆکاری دواکەوتنـی کـوردان بـووە لـە هـەردوو لایەنـی " اخلاقـا علـما "(ڕەشـید نجیـب، تـورك – کـورد، ژیانـەوە، ژمـارە (١٨) ٢٦ شـوبات١٩٢٥)، لەلایەنـی خۆییـەوە عەلـی عیرفـان لـە وتارێکـدا بەنـاوی (بوچـی بیرمـان نەمـاوە) ئامـاژەی بـەوە کـردووە سـەدەی بیسـتەم کـە " عـصری مدینـت " بـووە، لەنـاو میللەتانـەی لەژێـر دەسـتی حکومەتـی " عاقلـە کانـا بـون" هەمـوو هـۆکارە پێشـکەوتووەکانی خۆشـگوزەرانی و حەسـانەوە لـە وێنـەی تراموای،شـەمەنەدەفەر و ئەلکتریـك بوونیـان هەبـووە، لـە کاتێـك دا کـورد لـە ژێـر دەسـتی تـورك نـاوی ئـەم هۆکارانـەی وەك حیکایـەت بیسـتووە (عـلی عرفـان، بوچـی بیرمـان نەماوە،ژیانـەوە، ژمـارە(١٢) ٩کانونـی دووەم ١٩٢٤). لەلایێکـی تـر پێدەچێـت بەشـێك لـە نووسـەرانی ڕۆژنامـەی ژیانـەوە مەبەسـتیان بووبێـت ئـەو بڕوایـە لـەلای خوێنەرانـی ڕۆژنامەکـە وەك ڕاسـتێکی نەگـۆڕ و حاشـا هەڵنەگـر جێگیـر

بکەن کە ماوەی چوار سەدە لەژێر دەسەڵاتی تورك، کوردی باشور بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵیان هەبووە بەڵام، ئەوان بە نیەتێکی پاك وڕاستگۆییانەوە مامەڵەیان لەگەڵ کورد نەکردووە، نموونەش بەسەردەمی بابانییەکان هێنراوە کە هەر لاپەڕێکی مێژووی ئەم میرنشینە کوردییە هەڵبدەیتەوە بەگوێرەی دەربڕینی ڕۆژنامەکە " شناعتی، حیلە و دەسیسەیك خدعتیکی سیاسی" دەرحەق بەم میرنیشنە بەرچاو دەکەوێ، لەهەندێك باریشدا کوردیان کردووە بە قەڵغان بەتایبەتی بەرامبەر نادر شا، لەبەرامبەر و پاداشتیشدا یان حاکمێکیان لێ کوشتوون یان بە هەزار فرت وفێڵ، برایێك خزمێکی دەسەڵاتدارانی بابانی "تصاحت کردوە" وە ناکۆکی و دووبەرکی خستۆتە نێوان " ئەم سلالە مقدسە و ام ملتە مظلومهوە"(ڕەشید نجیب، تورك-کورد، ژیانەوە، ژمارە(١٨) ٢٦ شوبات ١٩٢٥)، لەلایەکی تر ڕۆژنامە لە جارێك زیاتر نەهامەتییەکانی کوردی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی لەوانەش قات و قڕی،برسیەتی، هەژاری بۆ خراپی دەسەڵاتی تورکەکان گێڕاوەتەوە، لەدەرئەنجامیش گەلی کورد ناسۆری زۆری دیوەوە، هەر بۆیە عەلی عیرفان دەگاتە ئەو بڕوای بەو پەڕی ڕاشکاوییەوە بنووسێ ئەوەی تا ئێستا تورك بەسەر کوردی هێناوە بەسەر هیچ میللەتێکی تردا نەهاتووە، لە مێژووشدا وێنەی وا نەبینراوە (علی عرفان، بوچی بیرمان نەماوە، ژیانەوە، ژمارە (١٢) ٩ کانوونی دووەم١٩٢٤). بۆیە ناوبراو لە وتارێکی تر لە ژێر ناوی (خیال پلاو) بەسەر سوڕمانەوە پرسیویەتی ئایا پیاو خراپی نییە جارێکی تر باسی قەومێکی وەك تورك بکرێتەوە؟، هەر خۆشی جەختی کردۆتەوە ناکرێت " خومان لە سعادت محروم بکین" جارێکی تر کورد بەدەستی خۆی دووچاری" فلاکەت واسارت" بکاتەوە، وەك ئاماژەیك بۆ ڕەتکردنەوەی لکاندنی ولایەتی موسڵ بە تورکیاوە. ناوبراو وای بۆچووە ئەو هۆکارانەی خزمەتکردن و پێشکەوتنەی لەبەغدا وشارەکانی تر لەسایەی بەریتانییەکان فەراهەم هاتووە، لەئەنقەرەی پایتەختی تورکەکانیش بوونیان نییە، بۆیە ڕای گەیاندوە هیچ عەقڵێك قبوڵی ئەوە ناکات کورد و عەرەب جارێکی تر بچنەوە ژێر دەستی تورکەکان و " بن بە تابع تورك... بەدەست خومان خومان ناخینە تهلکەوە " (علی عرفان، خیال پلاو، ژیانەوە، ژمارە (١٥) ١٦ شوبات ١٩٢٥) بەپشت بەستن بەڕای زانایێکی تورکی شارەزا لە کاروباری نەتەوەکان، دوای شەن و کەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو نەتەوە، نووسەرێکی کورد گەیشتۆتە ئەم بڕواییەی ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی تورکی و ڕام نەبوونی کورد بۆ دەسەڵاتیان، لەسەردەم و قۆناغە مێژووییە جیاوازەکان وایکردوە کوردەکان لەگەڵ تورکەکان هەڵنەکەن، ئەوەسا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی بێ دوودڵی سەر دێری "کورد و تورك قطعیا پیکەوە ناژین" هەڵبژێرێت و بیکات بە ناونیشانی وتارەکەی (عبدالمجید، کورد وتورك قطعیا پیکەوە ناژین، ژیانەوە، ژمارە(١٧)،٢٣شوبات ١٩٢٥).

**ب: بایەخ دان بەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیران.**

هەڵگیرسانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە کورستانی باکور لە١٩٢٥ دژ بە دەسەڵاتی کەمالییەکان، هاوتەریب بووە لەگەڵ بەرەو پێش چوونی پرسی موسڵ، ژیانەوە هەڵگیرسانی شۆڕشەکەی کردووە بەدەرفەتێك بۆ خستنە ڕووی خراپی سیاسەتی کەمالییەکان بەرامبەر کورد و ڕاکێشانی سەرنج و هەستی کوردانی باشوریش دژ بە داواکاری تورکەکان بۆ وەرگرتنەوەی ولایەتی موسڵ، بۆ ئەم مەبەستە ژیانەوە بەدواچوونی وردی بۆ ڕووداوەکانی شۆڕشەکە کردووە لە ژمارە (١٩) بۆ یەکەم جار هەواڵی هەڵسانەوەی کوردەکانی باکوری لەزۆربەی قەزاکان بەڕێبەرایەتی شێخ سەعید بڵاوکردۆتەوە، کە ڕۆژنامەکە بە مەلا سەعید ناوی هێناوە نازناوی (بدیع الزمان)[١٤] داوەتە پاڵی، بەگوێرەی زانیاری ڕۆژنامە تورکییەکان ناوبراو"صاحب تعصب دینی یە و مقصدی اوەیە کە خلافت ارجاع بکاتەوە" ژیانەوە نووسیوویەتی شۆڕشەکە بە پلانێکی فراوان نەخشەی بۆ کێشراوە لەڕووی ئیدارەدان و تەشکیلاتیشەوە لەلایەن خەڵکی بە تواناوە کارەکان ڕایی کراون، لەلایەنی خۆیەوە حکومەتی تورکیا جاڕی حاڵەتی تەنگەتاوی لە ولایەتەکانی هەکاری،ماردین، وان، وبەتلیس داوە (اژانس رویتر- استەمول، ژیانەوە، ژمارە (١٩)، ٣ مارت ١٩٢٥). بەگوێرەی زانیارێکی ژیانەوە لە ٢٦ ی شوباتی١٩٢٥، کوردەکان سەرکەوتووبون لەدەستبەسەرداگرتنی شارەکانی

دیاربەکر، مەلاتیە و ئەرغەنی، والی دیاربەکریشیان بەدیل گرتووە، لەبەر ئەوە حکومەتی تورکی مەسەلەی هەڵگیرسانی شۆڕشەکەی بە گرنگییەوە وەرگرتووە، بەبەڵگەی ئەوەی هێزی گەورەی ڕەوانەی ناوچەکە کردبوو، جیا لەوەش لە ١ ئاداری هەمان ساڵ، ئەنجوومەنی نیشتیمانی تورکی لەئەنقەرە دەنگیداوە لەسەر بڕیاری تەرخانکردنی بڕی ٢٦٥ هەزار لیرە بۆ لەناوبردنی شۆڕشەکە، بەڕای ژیانەوە ئەستەم بووە حکومەتی تورکی بتوانێ هێزی کوردی لەناو بەرێت (لە العراقەوە: قیام کوردەکان لەعلیهی تورکیا، ژیانەوە، ژمارە(٢٠)، ٩مارت ١٩٢٥).

شایەنی باسە ژیانەوە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی وەك " قیامیکی ملی " وێنا کردووە وای بۆچووە ئەو هێزەکەی تورکەکان بۆ لە ناوبردنی بەکاریان هێنا زیاتر بووە لەو هێزەی لە جەنگی ڕزگاری تورکی دژ بە یۆنانییەکان خستیانە جەنگەکەوە (تشریف و هاتنەوە،ژیانەوە، ژمارە (٤٦) ٢٩ تشرینی یەکەم ١٩٢٥).

ژیانەوە پاڵپشتی و هاوسۆزی خۆی بۆ چەکدارانی کورد لە باکور دەربڕیوە، بۆ نموونە لەژمارە ٢٩ دا بابەتێکی بەقەڵەمی (رواندزی) بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەی چەکدارانی کوردی باکوری وەك براێکی "قارمان"ی کوردی باشور ناساندووە، هێماشی بۆ ئەوە کردووە ئەوان وەك کوردی باشور لەبەر دووریان لە ڕووداوەکان نەیانتوانیووە یارمەتیان براکانیان لە باکور بدەن، بەڵام ڕووی گلەیی لەقەڵەم بەدەستان بووە، چونکە بەنووسینیش داکۆکیان لێ نەکردون و ئازار و هاوار و خەمەکانیان نەخراوتە سەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەی ژیانەوە و ڕۆژنامە عێراقییەکان، کە بە بۆچوونی نووسەر لەسەر "همو فردیکمان فرض بو" دەنگیان بگەێننە" عالم مدنیتەوە" ئەوشی بە "قصور و " اهمال" زانیووە، بە بۆچوونی ئەویش شیاوی لێبووردن نیە (رواندزی، هواریك بو عالم مدنیت، ژیانەوە، ژمارە، (٢٩) ١ تەمووز ١٩٢٥).

ڕۆژنامەکە کاری لەسەر بەدیار خستنی ناوی سیمبولە دیارەکانی کوردستانی باکور کردووە لەوانەش سەید عەبدولقادری شەمزینی کوڕی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری کە بەڕای ڕۆژنامەکە " لە همو دونیا ناوو شورەتی هیە" لەگەڵ یوسف زیا بەگ، خالید بەگی جوبرانلی و شێخ سەعیدی پیران (رواندزی، هاواریك بو عالم مدنیت، ژیانەوە، ژمارە(٣٣)٣٠ تەمووز ١٩٢٥) ئەمەو سەرباری بڵاوکردنەوەی وتارێکی درێژی ئیحسان نوری پاشا بەناوی (قیام ملی کورد واهمیت عسکریەی) لە ژمارەکانی (٣٩-٤٠-٤١) کە تێدا دوای خستنە ڕووی سیاسەتی خراپی تورك بەرامبەر کورد کە بەڕای نووسەرەکەی " ایانەوی کوردیش وەکو ارمنی امحا بکنەوە" ئاماژەی بە ناسۆرییەکانی کورد لەجەنگی یەکەمی جیهانی کردووە، دواتر هاتۆتە سەر باسی شۆڕشەکەی شێخ سەعید و لەسێدارە دانی ناوبراو وهاوکارانی، بەلای نووسەرەوە کۆتایی شۆڕشەکە مانای سەرکەوتن و" غلبەی قطعیە تورکی لی استخراج ناکری"(ڕوانە ژمارەکانی ژیانەوە، ٣٩-٤٠-٤١).

**ت: بڵاوکردنەوەی هەواڵی بێ بەری بوونی هۆزە کوردییەکانی باشورلە تورك.**

بەو پێیەی هۆزە کوردییەکان وەك بەشێکی دانەبڕاو گرنگ لە پێکهاتەی کۆمەڵاتی کوردی باشور ڕۆڵی گەورە و گرنگیان لەپەرەسەندنە سیاسییەکان گێڕاوە بۆیەش ڕۆژنامەی ژیانەوە ئەم توێژە گرنگەی کۆمەڵگاشی فەرامۆش نەکردووە لەبەکار هێنانیان لە دژی هەوڵەکانی تورکیا لەپرسی ولایەتی موسڵ، بۆ نموونە بە پێی هەواڵێکی فەرمی کە لەهەولێرەوە بەدەست ڕۆژنامەکە گەیشتووە هەمو ئاغا و سەرۆکی هۆزی دزەیی" بەصورت قطعیە" بۆ لێژنەی کۆمەڵەی گەلانیان خستۆ ڕوو کە " ایتر قط خویان ناخنە ژیر ادارە ظالمانە تورکەوە ومربوطیت عراقیان قبولە" بە هەمان شێوە هەواڵی پابەند بوونی هەموو ناودارانی شاری کفری بە عێراق و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی تورکیان بۆ لێژنەکە دووپاتکردۆتەوە، وەك نوسیویەتی: " ایمە ادارە تورکمان ناوی وبە ادارة حاضرە ممنونین" (بە پیی خبریکی رسمی...،ژیانەوە، ژمارە(١٦)،١٩ شوبات١٩٢٥)، هەروەها لە هەواڵێك لە ڕۆژنامەی(العالم العربی)ەوە وەرگیراوە هۆزە کوردییەکانی دەوروبەری شاری کەرکوك لەوانەش داودە، تاڵەبانی و دزەیی، داوایان لە لێژنەکە کردووە لە عراقدا بیان هیلنەوە و یعنی تورکیان ناوی" وەڕاشیگەیاندووە عبدولرحمان عەلەمدار بەناوی هەموو کەرکوکیەکانەوە لە

تەلەگرافێکدا ئەوەی دووپاتکردۆتەوە ئەوان گەرەکیان بووە لەژێر ئاڵای عێراق و پادشا فەیسەڵ بمێننەوە لەلایێکی دیکە سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵە (مستر جاردین) وجەواد پاشای سەرۆکی شاندی تورکی بە یاوەری ئەندامانی تر، سەردانی تەلەعفەر و سنجاریشان کردووە دانیشتوانی هەردوو ناوچە بە گوزارشتی ڕۆژنامەکە" بە یکدلی و بەیك زبانی اظهار وحدت عراقیان کردوە" دوای بینینی ئەم هەڵویستە،جەواد پاشا نەیتوانیووە سەیری دانیشتوان بکات "چاوی ورکیراوە" (لە العالم العربیەوە، ژیانەوە، ژمارە(١٩) ٢مارت ١٩٢٥). دواتر لە ٢٧ی شوباتی ١٩٢٥ سەردانی سلێمانیان کردوە، لەلایەن هۆزەکانی ناوەوە و دەرەوەی شارەکە پێشوازیان لێکراوە لەوەڵامی پرسیاری لێژنەکە بە پێی زانیاری هاتوو لە ڕۆژنامەکە هیچ کەسێك لە "داخل لوای سلیمانیدا" لەگەڵ گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورکەکان نەبووە بۆ شارەکە هاوتەریب" مربوطیتی عراقیان پی خوش" بووە(داخلی، ژیانەوە، ژمارە (١٩) ٢مارت ١٩٢٥).

**ث: كاركردن لەسەر قوڵكردنەوەی جیاوازیەكانی شوناسی نەتەوایەتی نێوان كورد وتورك.**

یەکێك لەو تەوەرانەی ژیانەوە زەقی کردۆتەوە جیاوازی ڕەگەزەکانی شوناسی نەتەوەیی بووە لە نێوان کورد و تورك لەوانەش جیاوازییەکان لە ڕووی زمان، نەتەوە و ڕەگەز، ئەمەش ڕەنیگداوەتەوە لەبەشێك لەو وتارانەی لەبارەی کورد و تورك و پرسەکانی تایبەت بە ولایەتی موسڵ نووسراون، بۆ نموونە لە نووسینێك (رواندزی) پرسیاری ئەوەی کردووە بە چ مافێك تورك داوای ولایەتی موسڵ دەکات لە کاتێکدا مێژووی مرۆڤایەتی سەلماندوویەتی کورد لە ڕووی داب ونەریت و زمان و ڕەگەزەوە لە تورك دوور وجیا واز بووە وە " هیچ مناسبتیکی لە کل تورکا نیە " ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە لە ڕووی ڕەگەزەوە تورك تورانییە وکوردیش ئارییە، بۆیە پرسیار دەکات لەحاڵی بوونی ئەم جیاوازییە جەوهەرییانە ئیدی "چون ابن بەیك"؟ دەربارەی بوونی پەیوەستی ئاینیش نووسەر جەختی لەوە کردۆتەوە تورکەکان ئاینی ئیسلامیان کردبووە ئامرازێکی دەستیان بۆ کۆکردنەوەی نەتەوە جیاوازەکان لەژێر زوڵم و ستەمی خۆیان، هەر لەو ساتەوەی کوردیان کەوتۆتە ژێر دەست سیاسەتی کوشتن و دوور خستنەوە و لەناوبردنیان بەرامبەری پیا دەکردووە (رواندزی، کورد وتورك، ژیانەوە، ژمارە (٤٢) ١ تشرین یەکەم ١٩٢٥).

ڕەشید نەجیب لەوتارێك بەناوی (تورك- کورد) لەسەر ڕەهەندی مێژوویی، وەك ڕەگەزێکی شوناسی نەتەوەیی کوردی وەستاوە، وای بۆچووە مێژووی تورك، لێوان لێو بووە لە جەور و ستەم و تاوانکاری لە ژێر سایەی تورکەکان نموونەی بە جوڵانەوەکانی میر بەدرخان و کوڕەکانی لە سەدەی نۆزدە هێناوەتەوە، بە ڕای نووسەر بوونی یەك دوو کەس مەبەستی (فتاح ئەمینی عەتار)" کە "کوردیان پی دەلین" لە تیمی تورکی لە لیژنەی کۆمەڵەی گەلان کاری کردۆتە سەر گەلی کورد، بۆ ئەوەی بوونی ئەوانە لە لێژنەکە نەبێتە " بەلکە و نەقیصەیك بو تاریخمان" نووسەر ناچار بووە ئاماژە بەوە بکات کەمیللەت و نیشتیمان پیاوانی لەم جۆرە بە ڕۆڵەی خۆیان نازانن وە لە تورك خراپتر سەیریان دەکەن. هەروەها لە سەر مەسەلەی ڕەگەزی کوردیش وەستاوە، کە جۆرێك لە ڕەگەز پەرستی لێ بەدی دەکرێت، وای بۆچووە بەبەڵگەی زانستی سەلمێنراوە دەماغی ڕەگەزی هیندۆ ئەوروپییەکان " متکاملترە" لە ڕەگەزەکانی تر بۆیە " بی شك وشبهە" گەلی کورد کە لە ڕووی ڕەگەزەوە ئاری وهیندۆ ئەوروپین توانای پێشکەوتن و گەشەکردنی لە" راکردەوەکانی کن سدی چین زورترە"جیا لەوەش نووسەر ئاگاداری ئەوە بووە یەکێك لە کۆڵەگە سەرەکیانەی کە دەوڵەتی تورکیای نوێی لەسەر دامەزرا عەلمانییەت بووە (رشید نجیب، تورك- کورد، ژیانەوە، ژمارە(١٨)،٢٦ شوبات١٩٢٥) تاکە پەیوەستێك لە نێوان تورك وکورد بوونی ئاین و مەزهەبی هاوبەش بووە بەڵام دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێ تورکەکان "مسلك(لادینی) کرتوە و قبول دین ناکا" کوردیش لەبەر ئەوەی میللەتێکی موسڵمانن لەئاینی ئیسلام لابدەن بۆیە کورد پەیوەندی لەگەڵ تورکەکان پچڕاندووە (لە العراقەوە: بوچی جمعیت اقوام...،ژیانەوە، ژمارە(٢٥)٣٠ نیسان ١٩٢٥) لەلایێکی تر هەندێك لەو هەنگاوانەی مستەفا کەمال گرتینەبەر دوای ڕەتکردنەوەی خیلافەت لە ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەی

توركـی لـە ٣ ئـازاری ١٩٢٤ دەچوونـە خانـەی دژایەتـی بنەمـا نەگۆڕەكانـی ئیسـلام، ڕواڵەتـە ئایینەكانـی تایبـەت بەشـوێن كەوتووەكانـی(١٥) بۆیـە ڕەشـید نەجیـب سـەری سـوڕماوە تـا ئـەو كاتیـش كەسـانێك بـە پاڵنـەری ئاینـی لایەنگیـری توركـن" اكایـان لـە الحـاد وبـی دینیـی تـازەی اوان نیـە" بـە بۆچوونـی ئەویـش دەوڵەتـی توركیـای نـوێ بـە یەكجـاری پەیوەنـدی لەگـەڵ جیهانـی ئیسـلامی پچـڕاوە (رشـید نجیـب، تـورك-كـورد، ژیانـەوە، ژمـارە(١٨)،٢٦ شـوبات١٩٢٥).

ژیانـەوە لـە نووسـەرێكی ڕۆژنامـەی (العـراق) ی گواسـتۆتەوە كـە كـورد بەهەمـوو سـفەتێك لـە ڕەگـەزی تـورك جیایـە " چـە بـە جنسـیت چـە بـە منشـا چـە بـە لغـت چـە بـە تقلیـد" بۆیـە هیـچ شـتێك بـە یەكیانـەوە نابەسـتێتەوە، چونكـە" كـورد عنصریكـی قائـم بـذات خـوی و بەكلـی جـوی یـە لـە عنـصر تـورك و هیـچ منـا سـبتیك ومـر بـو طیتیكیـان لـە كل تـورك نیـە" جگـە لـە دوو پەیوەسـتی یەكەمیـان پەیوەسـتی كارگێـڕی بـووە بـەڵام نووسـەر وای بـۆ چـووە توركـەكان ئەویشـیان پچڕانـدووە، بەگوێـرەی ڕای ئەویـش بـە گەواهیـدەری بیرمەندەكانـی بـواری سیاسـەت و حوكمڕانـی و زانایانـی كۆمەڵناسـی، توركـەكان " قطعـا ادارەیـان لـە كل ناكـری" (ژیانـەوە، ژمارە(٢٥)٣٠نیسـان ١٩٢٥) پەیوەسـتی دووەمیـش ئایـن بـووە، كۆڵەگـە بنچینەكانـی دەوڵەتـی عوسـمانی لەسـەر ئایدیـای ئاینـی نـەك نەتەوایەتـی دامەزرابـوو، تەنانـەت توێژەرێـك دەوڵەتەكـەی وەك ڕووگـەی موسـڵمانانی هەمـوو جیهـان دیـووە دوای مەكـە (الجمیلـی،٣٥،٢٠٢٢) لـە دیـدی نووسـینەكەی ژیانـەوە لـە دوای دروسـت بوونـی كۆمـاری نوێـی توركیـا مسـتەفا كەمـال" رسـما اعـلان خـروج لـە دیـن اسـلام كـرد" هـەر بۆیـەش هیـچ پەیوەسـتێك لـە نێـوان تـورك و كـوردا نەمـاو، لەبـەر ئـەوەش كـورد بڕیـاری پچڕانـی پەیوەندییەكانـی لەگـەڵ تـورك داوە، چونكـە گەلـی كـورد" ملتیكـی موسـلمانن و تابـع شرع و شریفـن ناتوانـن لـە دیـن اسـلام لادەن" بەگوێـرەی ڕای نووسـەریش لەبـەر ئـەم هۆیـە كـورد لـە شۆڕشـەكەی شـێخ سـەعیدی پیـران داوای سـەربەخۆیی كـردووە، سـەر لەشـكری شۆڕشـەكە بـە هەموولایـك ئـەم ڕاسـتییەی جـاڕدا كـە ئـەم شۆڕشـەی تەنیـا لەبـەر ئـەوە هەڵگیرسـاندووە تـورك ئاینـی ئیسـلام و شـەریعەت وخیلافەتـی " بەجـاری هـەل كرتـوە وملحـدە" هەروەهـا بـە بەڵگـەی مێژوویـش سـەلماندوویەتی "كوردیـش تاریخیكـی عرقـی هیـە اكـر لـە تاریـخ تـورك قدیـم تـر نبـی كمـتر نیـە" (لەالعراقـەوە: بوچـی جمعیـت اقوام...،ژیانـەوە، ژمـارە(٢٥)٣٠ نیسـان ١٩٢٥).

**دەرئەنجام**

١- لەسـەروبەندی دابەشـبوونی بیـروڕای سیاسـی لـە نێـوان لایەنگرانـی تورك(تـورك خـوا – جـل خـوارەكان) و ئینگلیزەكان(ئینگلیـز خـوا) و ئاڕاسـتە نیشـتیمانییەكە، تێبینـی دەكرێـت ڕۆژنامەكانـی سـلێمانی سـەركەتوو نەبـوون لـە دروسـت كردنـی ڕاێكـی گشـتی كوردسـتانی و كۆكردنـەوەی بیـروڕا سیاسـییە جیـاوازەكان بەئاڕاسـتەی خزمەتكردنـی دۆزی كـوردی و دروسـتكردنی ڕاێكـی یەكگرتـووی كـوردی و كۆدەنگێكـی نیشـتمانی، لـەم قۆناغـە هەسـتیارەی لـە دوای كۆتایـی هاتنـی جەنگـی یەكەمـی جیهانـی دروسـت بـوو، كـە بـە سـەردەمی دروسـت بوونـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی ناسراوبـوو.

٢- ڕۆژنامەكانـی دەرچووی ڕۆژگاری دەسـەڵاتی شـێخ مەحمود بایەخیـان بـە پرسـی موسـڵ داوە بەگوێـرەی زانیارییەكانـی دەسـتكەوتوو خوێنەرانیـان لـێ ئـاگادار كـردووە، ئەگـەر چـی گوتارەكانـی تایبـەت بـەم پرسـە گوتارێكـی نەتەوەیـی تـەواو بـووە، دەتوانییـن بڵێـن تاڕادەیـێك پیشـەیانە مامەڵەیـان لەگـەڵ زانیارەكانـی تایبـەت بـە دانیشـتنەكانی نێـوان لایەنـی توركـی و بەریتانـی كـردووە، بـەڵام ڕۆژنامـەی ژیانـەوە پیشـەیی و بێلایەنانـە مامەڵـەی لەگـەڵ پرسـی موسـڵ نەكـردووە، بەجۆرێـك هیـچ هـەواڵ وتارێكـی دژو و نەیـار و پێچەوانـە بـە ئاڕاسـتەی سیاسـەتی ڕۆژنامەكـە نابینرێـت، بەمـەش سـەركەتوو نەبـووە لەخستنە ڕوو و نیشـاندانی وێنەێكـی ڕوون و گشـتگیری پرسـەكە وەكـو خـۆی خوێنەرانـی.

٢- ڕۆژنامـەی ژیانـەوە پاڵپشـتێكی سەرسـەختی گەڕانـەوەی ولایەتـی موسـڵ بـووە بـۆ عێـراق، بەردەوامیـش خـۆی لـە سـەنگەری دژایەتـی توركەكانـدا دیوەتـەوە لـە پێناوەشـدا گرنگـی زۆری بـە هەواڵەكانـی ناوخـۆی ئـەم وڵاتـە داوە، بەتایبەتـی پرسـی دیاریكردنـی چارەنووسـی ولایەتەكـە هاوتەریـب بـووە، لەگـەڵ بەرپابوونـی شۆڕشـی شـێخ سـەعیدی پیـران،

ڕۆژنامەکـە گرنگێکـی تایبەتـی پێـداوە، وەك کەرەسـتەیێکیش بـەکاری هێنـاوە بـۆ خـراپ نیشـاندانی سیاسـەتی کەمالییـەکان بەرامبـەر کـورد، لەگەرمـەی توندبوونـی ململانێـکان لەسـەر خاوەنداریەتـی ولایەتەکـە، لەکاتێکـدا ڕۆژنامەکـە چاوپۆشـی کـردووە لەناسـۆرییەکانی کوردانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لەژێـر دەسـەڵاتی فەرەنسـییەکان، بەهەمـان شـێوەش لای لەدۆخـی کوردانـی ڕۆژهەڵاتیـش نەکردۆتـەوە کـە لەسـایەی دەوڵەتـی ئێرانـی نـوێ بـە ڕێبەرایەتـی ڕەزا شـای پەهلـەوی ڕووبـەڕوی چەوسـانەوەی زۆر هاتبـوون.

٣- لەمامەڵەکـردن لەگـەڵ کەسـایەتی شـێخ مەحمـود ڕۆژنامەگـەری شـاری سـلێمانی هەڵوێسـتێکی دوو فاقیانـە بەدیدەکرێـت، لەقۆناغـی دەسـەڵاتی شـێخ مەحمـود بەسەرشـاری سـلێمانی و دەوروبـەری، ڕۆژنامـەکان نووسـین و ڕەخنەیێکـی ئەوتۆیـان لەسـەری نەبـووە، بـەڵام لـە قۆناغـی دوورخسـتنەوەی شـێخ لەسـلێمانی و گـەرم بوونـی پرسـی موسـڵ و بـاڵا دەسـت بوونـی دەسـەڵاتی بەریتانیا و حکومەتـی عێراقـی، بەشـێك لـە نووسـەرانی ژیانـەوە هەڵوێسـتێکی تونـد و زیـاد لەپێویسـتیان بەرامبـەر شـێخ مەحمـود نوانـدووە، لەهەندێـك بـاردا سـنوری ئەخلاقـی کاری ڕۆژنامەوانیشـیان تێپەڕانـدووە، بەگشـتی دەتوانیـن بڵێـن ئـەوەی ڕۆژنامەکـە بەشـێخ مەحمـودی کـردووە لـەو قۆناغـە هەسـتیارە، هیـچ ڕۆژنامەیێکـی کـوردی بەهیـچ سـەرکردەی کوردێکـی لـە مێـژووی هاوچەرخـی کـورد نەکـردووە.

٤ - پێشـێلکارییەکانی مافەکانـی گەلـی کـورد، و ناسـۆرییەکانی، لـە دوای یەکلابوونـەوەی چارەنووسـی ولایەتـی موسـڵ و ناسـۆرییەکانی لەژێـر سـایەی حکومەتـی عێراقـی، کورتبیـی بەشـێك لـەم دەسـتەبژێرەی کـوردی بـە تایبەتـی شـاری سـلێمانی سـەلماند، کـە شـێلگیرانە بەبـێ پێدانـی هیـچ گەرەنتـی، ڕوون نەبوونـی ئاسـۆی کێشـە نەتەوەییەکەیـان، داکۆکیـان لەلکاندنـی ولایەتـی موسـڵ بـە عێراقـی عەرەبییـەوە کـردوە.

## پەراوێز

(١) بـۆ ئاشـنابوون بەسـەرجەم ژمارەکانـی بانـگ کوردسـتان بڕوانـە: (خەزنـەدار، ١٩٧٤، ٣٧- ١٣٠ ؛ سـاڵح و سـاڵح، ڕۆژنامەکانـی سـەردەمی حوکمـی شـێخ محمـوود،٢٠٠٣).

(٢) خولـی دووەمـی بانگـی کوردسـتان(٣) ژمـارەی لـە بەغـدا لێدەرچووە ژمارەکانـی ١٤-١٥-١٦ لـە ٢٨ کانونـی دووەم ١٩٢٦ تـا ١نیسـان هەمـان سـاڵ. بڕوانـە: (خەزنـەدار، ١٩٧٤،١١٩- ١٣٠ ).

(٣) یەکێـك لـە هاوسـەردەمانی ڕووداوەکان ئاماژە بـەوە دەکات کاتێـك شـێخ مەحمـود لـە داریکەلـی دانیشـتووە بـەردەوام پەنجـا شەشـت پیـاوی (یاسـاغ- قاچـاغ)ی لـەدەوری کۆبوونەتـەوە کـە پێـان گوتـراوە (چەتەکانـی شـێخ مەحمـود) یـان (پیاوانـی شـێخ مەحمـود) زۆربـەی ئـەم پیاوانـە لـە شـوێنی خۆیـان ڕایانکردبـوو بەهـۆی ئەنجامدانـی کارێکـەوە لـەلای میـری یاسـاغ بـوون، کاتێـك دەهاتـن کێشـەی خۆیـان بـۆ شـێخ ڕوون دەکـردەوە ئەویـش پەنـای دەدان، دوای وەرگرتنیـان کـەس بـۆی نەبـووە دەسـتیان بـۆ بەرێـت (حەمـە خـان،٢٠٢٣، ٧١).

(٤) بـۆ زیاتـر زانیـاری دەربـارەی فاکتەرەکانـی دروسـت نەبوونـی دەوڵەتێکـی کـوردی لەسـەروبەندی سـەرهەڵدان ویەکلابوونـەوەی پرسـی موسـڵ. بڕوانـە: (توفیـق،٢٠٠٦، ٨٠-٨٤ ؛ ناوخـۆش، ٢٠٠٠، ٨٢-٩٦).

(٥) لـەدوای گرتنـی کەرکـوك دەسـەڵاتدارنی بەریتانـی لـە شـارەکە هەڵسـان بـە دەرکردنـی ڕۆژنامەیێـك بـە زمانـی عەرەبـی، دواتـر بـە تورکـی بـە نـاوی (نجمـة کرکوك) ژمـارە یەکـی لـە ١٥ کانوونـی یەکەمـی ١٩١٨ هاتۆتـە وەشـاندن، مـاوەی١٠ سـاڵ بـەردەوام بـووە لـە دەرچـوون لـە دیباجەکـەی نـووسراوە ڕۆژنامەیێکـی فەرمیـە هەمـوو بەیانێـك لـە شـارۆچکە و لـە سـەرای حکومـەت دەفرۆشـێ. الحسـني،١٩٧١، ٧٧-٧٨).

(٦) عەلـی عیرفـان، سـاڵی ١٨٨٢ لـە سـلێمانی لـە دایـك بـووە، خوێندنـی حوجـرەی لای باوکـی و قوتابخانـەی ڕوشـدییەی سـەربازی لەهەمـان شـار تـەواو کـردووە، وەك مامۆسـتا لـە هەڵەبجـە، نووسـەر لـە دادگاکانـی سلێمانی و کۆیـە کاریکـردووە، سـاڵی١٩٤٢ خانەنیشـن بـووە، ئەنـدام و دامەزرێنـەری بەشـێك لـە کۆمەڵانـە بـووە لەنێـوان سـاڵانی ١٩٢٥-١٩٢٧ لـە شـاری سـلێمانی دروسـت بـوون، لـە ١٩٦٨ کۆچـی دوایـی کـردووە. (ساڵح و سـاڵح،٢٠٠٣، ڕۆژنامـەی ژیـان، ژمـارە ٨٢-٢٥٩، ب٢، سـلێمانی٤٤- ٤٥).

(٧) بـۆ زانینـی نـاوی سـەرۆك هـۆز و پیـاو ماقـوڵان بڕوانـە: (ژیانـەوە، ژمـارە (٦) تشرینـی یەکـەم ١٩٢٤).

(٨) ئەحمـەد تۆفیـق بـەگ، کـوڕی تۆفیـق بەگـی تابـور ئاغاسـی کـوڕی سـاڵح بەگـی سـلێمان پاشـای قەواسـە، لـە بنەماڵـەی خەندانـە، لەسـاڵی ١٨٩٨ لـە سـلێمانی لـە دایـك بـووە، سـاڵی ١٩١٤ ئامادەیـی

مولکـی تـەواو کـردووە، لەبـەر هەڵگیرسـانی جەنـگ نەیتوانیـووە درێـژە بەخوێنـدن بـدات، سـاڵی ١٩٢٤ وەك نوێنـەری سـلێمانی لـە ئەنجومەنـی دامەزراندنـی عێراقـی دەستنیشـان کـراوە، لـە ٧ ئـاداری ١٩٢٥ وەك یەکـەم موتەسـەریفی سلێمانی دەست بـەکار بووە،لە١٩٦٣ بـە نەخۆشـی شـێرپەنجە کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە بەغـدا نێژراوە(محەمـەد، ٢٠٢٢، ١٩- ٣٢).

(٩) بـۆ زانیـاری لەسـەر تـەواوی بەندەکانـی یاسـای بنەڕەتـی عێراقـی بگەڕێـوە: (الحسـني،١٩٨٩، ج١، ٢٦٧- ٢٨٨).

(١٠) فتـاح بـەگ، بـرای خێزانـی شـێخ مەحمـود جێـگاو متمانەشـی بووە، یەکێـك بـووە لـەو ئەندامانـەی لـە ٢١ شـوباتی ١٩٢٣ وەك نوێنـەری شـێخ مەحمـود بـۆ لای مستەفا کەمال ڕەوانکراون (حلمـی،٢٠٠٣، ٣٥٩ ؛ تەقـی، ١٩٧٠،٧٠ ).

(١١) کەریـم بەگـی فتـاح بەگـی هەمەوەنـد، سـاڵی ١٨٧٠ لـە دایـك بـووە، لـە سـاڵی ١٨٨٧ لـە نـاو ئـەو هەمەوەندیانـە دەبێـت دەسـەڵاتدارانی عوسـمانییەوە دوور دەخرێنـەوە بـۆ باکـوری ئەفریقیـا، دوای چەنـد هەوڵێـك دەگەڕێنـەوە بازیـان و چەمچەمـاڵ، لـە مـاوەی دەسـەڵاتی شـێخ مەحمـود پاڵپشـت و جێـگای متمانـەی شـێخ مەحمـود بـووە، لەحوزیرانـی١٩٢٢ هـەردوو حاکمـی ئینگلیـز کاپـتن بۆنـد و مێجەرماکانـت دەکـوژێ، دوای گەڕانـەوەی دەسـەڵاتی ئینگلیـزەکان بـۆ سـلێمانی و دوورخسـتنەوەی شـێخ مەحمـود بـۆ ناوچەکانـی دەوروبەری سـلێمانی و دواتریـش بـۆ خاکـی ئێـران، کەریـم بـەگ هاوەڵـی ناوبـراو دەبێـت، دواتـر لـە ئێـران دەگەڕێتـەوە بازیـان لـە ٢٩ حوزیرانـی ١٩٢٦ نزیـك گونـدی قەرەتامـوور بریـندار دەکـرێ، لـە گونـدی نـوورە کۆچـی دوایـی دەکات (کەریـم بـەگ،٢٠٠١، ٦٥-٢٢١).

(١٢) ڕەشـید نەجیـب، سـاڵی ١٩٠٦ لـە سـلێمانی لـە دایـك بـووە، کاری مامۆسـتایەتی لـە هەڵەبجـە کـردووە، لەسـاڵی ١٩٣٦ لـە بەغـدا نیشـتەجێ دەبێـت وەك کارمەنـد لـە وەزارەتـی ناوخـۆ دەسـت بـەکار دەبێـت، چەندیـن پۆسـتی کارگێـڕی وەرگرتـووە لـە مـاوەی ١٩٥٣-١٩٥٨ وەك موتەسـەریفی لیواکانـی هەولێر،کەرکـوك، موسـڵ و بەسـرا دەسـت بـەکار بـووە، لـە بوارەکانـی شـیعر وئـەدەب وچیـرۆك وتـاری کۆمەڵایەتـی و ڕەخنـەی ئەدەبـی کۆمەڵێـك بابەتـی هەیـە، هەروەهـا چەنـد بەرهەمێکیشـی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی. خاوەنـی چەنـد بەرهەمـی شـعیریە، ١٩٦٨ کۆچـی دوایـی کـردووە (بابـان، ٢٠٠٩ ج٢،١٩٣-١٩٥).

(١٣) لـەو ناونیشـانانەی جەخـت لەسـەر ئـەم پرسـە دەکەنەوە(بوچـی بیرمـان نەمـاوە، ژیانـەوە ژمـارە(١٢)، ٩ کانوونـی دووەم١٩٢٤)، (خیـال پـلاو، ژمـارە، (١٥) ١٦ شـوبات ١٩٢٥)،(مظـالم تورکـەکان لـە بیـر نەچیتـەوە، ژمارەکانـی، ١٥ (١٦ شـوبات) ژمـارە،١٦ (١٩ شـوات ١٩٢٥)، (کـورد وتـورك قطیعـا پیکـەوە ناژیـن، ژمـارە،(١٧) ٢٣ شـوبات ١٩٢٥)،(فـرق ایسـتنا و اوسـامان، ژمـارە،(١٧-١٨ )،(تـورك وکـورد – گـورك ومـر، ژمـارە (١٩)٢مـارت ١٩٢٥)،(هـاوار یـك بـو عـالم مدنیـت، ژمـارە (٢٩)، ١ تمـووز ١٩٢٥)،(هاواریـکی تـر بـو عـالم بشریـت ژمـارە (٣٢)، ٢٣ تەمـووز ١٩٢٥)،(هاواریـك بـو عـالم مدنیـت ژمـارە (٣٣)،٣٠ تەمـووز١٩٢٥)، ظلمیکـی تـری تورکـەکان، ژمـارە (٣١)١٦ تمـووز ١٩٢٥)،(کـورد وتـورك، ژمـارە (٤٢) ١ تشریـن یەکـەم١٩٢٥).

(١٤) ڕۆژنامـەی ژیانـەوە لێرەدا بـە هەڵەچـووە کـە نووسـیویەتی شـێخ سـەعیدی پیـران نازنـاوی (بدیـع الزمـان) بـووە، ئـەوەی زانـراوەو جێگیرە کەسـایەتی کـوردی باکـوری کوردسـتان سـەعید نەوڕەسـی هەڵگـری ئـەم نازنـاوە بـووە. (الصویـرکي،٢٠٠٥،٣٢٠-٣٢٣) پێدەچێـت ڕۆژنامەکـە نـاوی ئـەم دوو کەسـایەتییەی تێکـەڵ کردبێـت بۆیـە جیـاوازی لەنێوانیـان نەکـردووە.

(١٥) بـۆ زیاتـر زانیـاری لە سـەر ئـەم هەنگاوانـە بڕوانـە: (النعیمي،١٩٩٠، ٧٦-١١٦).


## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب

### أ- بە زمانی کوردی

ئەحمـەد، کەمـال مەزهـەر (١٩٧٨)، تێگەیشـتنی ڕاسـتی و شـوێنی لـە ڕۆژنامەنوسـی کوردیـدا، چاپخانـەی کـۆڕی زانیـاری کـورد، بغـداد.

ئەحمـەد، نـەوزاد عەلـی(٢٠٠٤) کێشـەی ویلایەتـی موسـڵ لـە دوو ڕۆژنامـەی سـلێمانیدا، لـە کتێبـە چاپکراوەکانـی شـارەوانی سـلێمانی.

ئیدمۆنـدس، سیسـیل جـۆن(٢٠٠٤)، کـورد تـورك عـەرەب، وەرگێڕانـی، حامیـد گەوهـەری، چ٢، دەزگای چـاپ وبڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێـر.

خەزنـەدار، جەمـال (٢٠١٦)، لـە بابـەت مێـژووی ڕۆژنامەگەریـی کوردییـەوە، پێشـەکی د. سـەروەر عبدوڵـڵا، چ١،چاپخانـەی ڕۆژهەلات،هەولێـر.

زەنگەنـە، عەبدوڵـڵا (٢٠٠٠)، ژیانـەوە و شـوێنی لـە ڕۆژنامەنووسـیی کوردیـدا ١٩٢٤-١٩٢٦، پێشـەکی وپێداچوونـەوە، د.کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد،، چ١، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێـر.

سـاڵح و سـاڵح، ڕەفیـق، سـدیق (٢٠٠٣)، ڕۆژنامـەی ژیـان ژمـارە ٨٢-٢٥٩، ب٢، چاپخانـەی ئۆفسـێتی شـفان. سـلێمانی.

ساڵح و ساڵح، ڕەفیـق، سـدیق (٢٠٠٣)،ڕۆژنامەکانـی سـەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، ئۆفسێتی تیشك، سلێمانی.

سـاڵح و سـاڵح، ڕەفیـق، سـدیق(٢٠٠٧)، ڕۆژنامـەی تێگەیشـتنی ڕاسـتی ١٩١٨-١٩١٩ یەکەمیـن ڕۆژنامـەی کـوردی لـە عێـراق، چ١، چاپخانـەی

دەزگای ئـاراس، هەولێـر.
سـەید قـادر، شـاهۆ عوسـمان (٢٠٢٣)، حکومدارییی کوردسـتانی باشـوور، سـلێمانی لـە حوکمداریـی شـێخ مەحمـوودەوە بـۆ حکومەتـی هەرێـم، چاپخانـەی چـوار چـرا، سلێمانی.
شـوانی، ئاکـۆ عەبدولکەریـم (٢٠٠٢)، شـاری سـلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢ لێکۆڵینەوەیەکـی مێژوویی،سیاسـی یـە،چ١، چاپخانـەی زانسـت، سـلێمانی.
عەتـار و سـامی(١٩٩٨)، عەلـی ناجـی کاکـە حەمـە ئەمیـن، سـیروان بەکر، پێشـکەوتن یەکەمیـن ڕۆژنامـەی سـلێمانی١٩٢٠-١٩٢٢، پێشـەکی، د. مـارف خەزنـەدار، چاپخانـەی وەزرارەتـی پـەروەردە، هەولێـر.
عەزیـز، رەنجـدەر محەمـەد (٢٠٢٢)، سیاسـەتی بەریتانیـا بەرامبـەر بـە حکومەتـی ولایەتـی موسـڵ ١٩١٦-١٩٢٦، و. عەتـا قەرەداخـی، چاپخانـەی کارۆ،سـلێمانی.
عومـەر، فـاروق عەلـی (٢٠٠١)، ڕۆژنامەگەریـی کـوردی لـە عێراقـدا بەراییـەکان ١٩١٤-١٩٣٩، و، تاریـق کارێـزی، عبدوڵـڵا زەنگەنە،دەقـە ڕۆژنامەوانییـە کوردییەکانـی سـاغ کردۆتـەوە،چ١، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێـر.
فەرهـادی، حەمـە سـالح (١٩٨٨)، چەنـد لایەنێکـی ڕۆژنامـە نووسـی ی کـوردی، چاپخانـەی الحـوادث، بەغـدا .
جەبـاری، سـمکۆ (٢٠٠٤)، کۆبەرهەمـە کوردییەکانـی نووسـەری شـەهید جەبـار جەبـاری، چاپخانـەی شـڤان، سـلێمانی.
کەریـم بـەگ، دارا ئەحمـەد (٢٠٠١)، کەریـم بەگـی فەتـاح بەگـی هەمەوەنـد بەشـێك لـە مێـژووی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد، چ١، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێـر. نووسـخەی (PDF..
ناوخـۆش، سـەلام (٢٠٠٠)، هۆکارەکانـی لکاندنـی ویلایەتـی موسـڵ بـە عێراقـی عەرەبـی یـەوە، چاپخانـەی ژیـان، هەولێـر.
محەمـەد، عەلـی، سـارا (٢٠٢٢)، ئەحمـەد بەگـی تۆفیـق بـەگ یەکـەم موتەسـەڕیفی سـلێمانی لـە سـەردەمی پاشـایەتیدا، چاپخانـەی کارۆ، سـلێمانی.
مەزهـەر، کەمـال (٢٠٠١)، چەنـد لاپەڕەیـەك لـە مێـژووی گەلـی کـورد، بـەر هەڤکرنـا، عەبـدوڵا زەنگەنـە، ب٢، چ١، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێـر.
مەکداول، دیفیـد(٢٠٠٥)، مێـژووی هاوچەرخـی کـورد،و، لـە فارسـیەوە، ئەبوبەکر خۆشـناو، چ٢،چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، هەولێـر.
میسری،محەمـەد دلێـر ئەمیـن (٢٠٠٤)، ڕۆژنامەنووسـیی کـوردی وبزووتنـەوەی ئەدەبـی لـە سایەی یەکەمیـن دەسـەڵاتی سیاسیی کـوردا لـە مێـژووی هاوچەرخـدا ١٩٢٢-١٩٢٤، ئۆفسـێتی ژیر،سـلێمانی.

**ب - بە زمانی عەرەبی**

احمـد و مـراد، ابراهيـم خليـل، خليـل عـلي (١٩٩٢ )، ايـران وتركيـا دراسـة في التاريـخ الحديـث وامعـاصر، دار الكتـب للطباعـة والنـشر، الموصل.
احمـد، حميـدى، ابراهيـم خليـل، جعفـر عبـاس(١٩٨٩)، تاريـخ العـراق المعـاصر، مطبعـة التعليـم العـالي، الموصـل.
توفيـق، هۆگـر طاهـر(٢٠٠٦) قوميـة بـلا عنـوان أسـباب عـدم قيـام دولـة كورديـة مـن حركـة الشـيخ عبيداللـه النهـري حتـى نهايـة مشـكلة الموصـل ١٨٨٠-١٩٢٥، مطبعـة وزارة التربيـة، اربيـل .
الجميـلى، قاسـم خلـف العـاصي (٢٠٢٢)، العـراق والحركـة الكماليـة ١٩١٩-١٩٢٣، دار ومكتبـة عدنـان، للطباعـة والنـشر والتوزيـع، بغـداد.
الحسني، عبدالرزاق (١٩٧١)، تاريخ صحافة العراقية، ج١، صيدا .
الحسـني، عبدالـرزاق(١٩٨٩)، تاريـخ العـراق السـياسي الحديـث، ج١، ط٧، دار الشـؤون الثقافيـة العامـة، بغـداد.
حسـين، فاضـل(٢٠١٥ )، مشـكلة الموصـل دراسـة في الدبلوماسـية العراقيـة- الانجليزيـة- التركيـة وفي الـرأي العـام، ط٤، المؤسسـة العربيـة للدراسـات والنـشر، بـيروت.
كـوران، خـسرو(٢٠٠٦)، الكـورد في محافظـة الموصـل، ترجمـة وتعليـق، حـازم هاجـاني، ط١، مطبعـة حجـي هاشـم، اربيـل.
فتـح اللـه، جرجيـس (٢٠٠٢)، يقظـة الكـرد تاريـخ سـياسي١٩٠٠-١٩٢٥ ومـما يتنـاول النـزاع عـلى جنـوب كردسـتان أمـام عصبـة الامـم مـع الوثائـق والمذكـرات المتعلقـة بـة، ط١، مطبعـة الـوزارة التربيـة.
النعيمـي، احمـد نـوري (١٩٩٠)، الحيـاة السياسـية في تركيـا الحديثـة ١٩١٩-١٩٣٨، ١٩٩٠،دار الحريـة للطباعـة بغـداد.

**دووەم: یادداشت**

حەمـە خـان، نـوری فـارس (٢٠٢٣)، یادگارییەکانـی باوکـم لـە حکومەتەکـەی شـێخ محمـودی مەلیکـدا، ئامادەکـردن و پێداچونەوەی،مظفر احمـد شـێخانی، چ١، کتێبخانـەی گەشـە بـۆ چـاپ وبڵاوکردنـەوە، سـلێمانی.
تەقـی، ئەحمـەد (١٩٧٠)، خەباتـی گەلـی کـورد لـە یادداشـتەکانی (ئەحمـەد تەقـی) دا لاپەڕەیـەك لـە شۆڕشـەکانی شـێخ محمود(سـمکۆ) هەسـتانەکەی ڕەوانـدز و پەیوەنـدی بەووڵاتانـەوە، رێـك خسـتن و ئامادەکردنـی یـۆ چـاپ، جـەلال تەقـی، چاپخانـەی سـلمان الاعظمـی، بغـداد.
حیلمـی، ڕەفیـق (٢٠٠٣)، یادداشـت، چ٣، لـە بڵاوکراوەکانـی دەزگای چـاپ وپەخشـی سـەردەم.

**سێیەم: گۆڤارەکان**

محمـود، بختیـار سـعید(٢٠٢١) ڕەنگدانـەوەی کێشـەی ویلایەتـی موسـڵ لـە ڕۆژنامــەی ژیانــەوەدا ١٩٢٤-١٩٢٦، لێکۆڵینەوەیەکــی مێژووییــە، گۆفــاری زانکــۆ بــۆ زانســته مرۆفایەتییــەکان- زانکــۆی ســەلاحەدین، بەرگــی (٢٥) ژمــارە(٥).

**چوارەم: نامەی زانکۆیی**

صابــر، شــاخوان عبداللــه (٢٠٠٦)، رفیــق حلمــی دراســة تاریخیــة في نشـاطه السـياسي والثقـافي ١٨٩٨-١٩٦٠، رسـالة الماجسـتير، )منشـورة(كلية التربيـة جامعـة الموصـل.

**پێنجەم:فەرهەنگ**

بابان، جمال (٢٠٠٩)، اعلام الكورد،ج٢، مطبعة روون، السليمانية.

الصويـركي، محمـد عـلي (٢٠٠٥)، معجـم اعـلام الكـرد في التاريـخ الاسـلامي والعـصر الحديـث في كردسـتان وخارجهـا مؤسسـة حمـدي للطبـع والنشر، السليمانية.

**ملخص**

تعد قضية الموصل من إحدى القضايا المصيرية في بداية العشرينيات من القرن الماضي، وكانت مرتبطة مباشرة بمصير الكورد في جنوب كردستان بعد انتهاء الحرب العالمية الأولى وتصادم مصالح الدول القوية، وقد تم إلحاق هذا الجزء من كوردستان بالعراق دون النظر بعين الاعتبار إلى رأي الكورد ورغباتهم.

في هـذه الفـترة الزمنيـة أصبحـت السـليمانية مـسرح النشـاطات السياسـية في جنـوب كوردسـتان بسـبب ظهـور تحـركات الشـيخ محمـود واصطداماتـه مـع البريطانيـين مـن ١٩١٩ إلى ١٩٢٥. وبالتزامـن مـع النشـاطات السياسـية، وكانعـكاس للحالـة الثقافيـة في المدينـة؛ تـم نـشر عـدد مـن الصحـف، كان بعضهـا يعـرف نفسـها كلسـان حـال سـلطة الملـك محمـود، وأصبـح بعضهـا يظهـر كجرائـد رسـمية للسـلطة الإنجليزيـة والحكومـة العراقيـة حديثـة النشـأة، خاصـة بعـد سـقوط الملـك محمـود.

تهـدف الدراسـة إلى الاطـلاع عـلى موضـوع ذات أهميـة كقضيـة الموصـل مـن وجهتـي نظـر مختلفتـين خـلال أحـد مصـادر التاريـخ الهامـة والقيمـة، ألا وهـو الصحـف الصـادرة في محافظـة السـليمانية في فـترة الدراسـة المشـار إليهـا.

اقتضـت طبيعـة الدراسـة اتبـاع المنهجـين التحليـلي والمقـارن. والمصـادر المعتمـد عليهـا بالدرجـة الأولى هـي الصحـف المنشـورة آنـذاك، منهـا: (بانـگ كردسـتان، روژ كوردسـتان، اميـد اسـتقلال، بانـك حـق، ژيانـەوە)، وقـد تـم الاعتـماد عـلى مصـادر أخـرى لتوضيـح الدقائـق والتفاصيـل.

الكلمات الدالة: مؤتمر لوزان، احياء،الشيخ محمود، تركيا، ولاية الموصل.

## Abstract

One of the most important topics in the 20s of previous century, it was Mosel Wilaya case which was directly related to the Kurdish future in the South after world war 1 ended and Mosel wilaya was linked to Iraq without willing of Kurdish people.

In the same period , with appearance of Sheck Mahmood from 1919-1925 Sullaimania became the center of political attentions in the South. During that time many newspapers and journals issues in which some of them were the mouthpiece of Shekh Mahmood and some as a formal papers. In the Study, the focus is on the attitude and the political stance of the British Admin & New establish Iraqi Government.

The Aim of the study is shedding light on the Mosel case in the vision of the published papers of that time where both political stands are focused on.

The research method is Analyzing the political stances of both sides thru out analyzing the topics where published on the papers during the same period like (Bank Kurdistan- Roj Kurdistan- Amed Istiqlal- Bank Haq-Zhianawa). At the same time we resorted to some other sources for more analysis.

The Key Words: Lozan Conference- Zhianawa “Rehabilitation”- Shekh Mahmood- Turkey- Mosel Wilaya